# کاریگەری دابەشبوونی شوێنی لەسەر بەرهەمهێنانی بەروبومی کشتوکاڵی هاوینە لە پارێزگای هەڵەبجە

**اركان علی حسن، عطا محمد علاءالدین**

بەشی جوگرافیا، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە:** بەروبومە کشتوکاڵیە هاوینەیەکان بەشێکی گرنگی بەرهەمی کشتوکاڵین لەو ناوچانەی کە ڕووبەری زەوی کشتوکاڵی بەراویان هەیە، چونکە ئەم بەروبومانە لە وەرزی هاویندا پێویستیان بە ئاودێری هەیە و لە هەرێمی کوردستان و ناوچەی توێژینەوەدا بە هۆی نەبونی دابارین لەم وەرزەدا پشت دەبەستن بە ئاوی ژێر زەوی و سەر زەوی، ناوچەی توێژینەوە بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنەکەی و دەوڵەمەندی بە سەرچاوەی ئاوی و بوونی دەشتایی و چیاکان بە یەکێك لەو ناوچانە دادەنرێت، کە ڕووبەرێکی زۆر لە زەویەکانی بەراون و بە کشتوکاڵی هاوینە دەچێنرێت، وە بەروبومە هاوینەیەکانیش بە شێوەیەکی جیاواز دابەش بوون بەسەر ناحیەکانی پارێزگاکەدا و شوێنی ناحیەکانیش لەڕووی توانا سروشتی و مرۆیەکانەوە کاریگەری هەیە لەسەر جیاوازی شێوازی دابەشبوونی بەروبومەکان لە ڕووی ڕووبەر و بڕی بەرهەم و تەنانەت دیاریکردنی جۆری بەروبومەکەش، ئامانجی ئەم توێژینەوەیەوەیە زانین و دەرخستنی شێوازی دابەشبوون و ڕووبەری چێنراو و بڕی بەرهەمی هاوینە و کاریگەری شوێنی ناحیەکانە لەسەر ئەو دابەشبونە، بۆ ئەم مەبەستەش پشت بەستراوە بە شیکردنەوەی ئەو داتاو زانیارانەی کە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگاکە وەرگیراوە لەسەر ڕووبەری چێنراو بری بەرهەمی هەریەکە لە بەروبومە هاوینەیەکانی ساڵی (2023) بە پێی هەریەکە لە ناحیەکانی سەر بە پارێزگا.

**کلیلە ووشەکان**– دابەشبونی شوێنی، ڕوبەری چێنراو، سیستمی ئاودێری، بڕشت، دابەشبونی ڕێژەیی.

## پێشەکی

کشتوکاڵ یەکێکە لە کۆنترین و گرنگترین چالاکییەکانی مرۆڤ، بەشدارە لە سەقامگیری کۆمەڵگا مرۆییەکان و پەرەسەندنیان بۆ ژیانی نیشتەجێبون، وە بەروبومە کشتوکاڵیە هاوینەیەکان بەشێکی سەرەکی و گرنگی بەروبومی کشتوکاڵی پێکدێن و ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێن لە پاڵپشتیکردنی ئاسایشی خۆراک و بەدەستهێنانی گەشەسەندنی ئابووری لە هەر ناوچەیەکدا و بەتایبەتی ئەو ناوچانەی، کە بە پلەی یەکەم پشت بە کشتوکاڵ دەبەستن، وەک (سەرچاوەی داهات و بژێوی ژیان)، ئەم بەرهەمانە لە مانگەکانی بەهار و سەرەتای هاویندا دەچێنرێن و لە سەرەتای هاوین یان سەرەتای پایزدا دروێنە دەکرێن بەپێی جۆری بەروبومەکە، وە پێویستیان بە بەڕێوەبردنی وردی سەرچاوەکانی ئاو هەیە، بە لەبەرچاوگرتنی پلەی گەرمی بەرز کە دەتوانێت ببێتە هۆی بە هەڵمبوونی ئاو بە خێرایی. هەروەها ئەم بەرهەمانە ڕاستەوخۆ کاریگەرە بە کوالیتی خاک و سیستەمی ئاودێری، ئەمەش وایکردووە هەڵبژاردنی بەرهەم و کاتی دروستی بەرهەمەکان زۆر گرنگ بێت بۆ سەرکەوتنی وەرزی کشتوکاڵ، ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە دەرخستنی دابەشبون و کاریگەری شوێنی لەسەر بەرهەمهێنانی بەروبومی کشتوکاڵی هاوینە لە پارێزگای هەڵەبجە لە ساڵی 2023.

**گرنگی توێژینەوەکە:** ناوچەی توێژینەوە لە ڕووی چالاکی کشتوکاڵی و کشتوکاڵی هاوینە بە تایبەتی گرنگ و لەبارە نەك تەنها بۆ ناوچەی توێژینەوە بەڵکو دەتوانرێت ببێتە ناوچەکی ستراتیجی بۆ هەرێمی کوردستانیش لە ڕووی دابینکردنی بەروبومی کشتوکاڵیەوە.

**ئامانجی توێژینەوە:** دەرخستنی وێنەی ڕاستەقینەی دابەشبوون و کاریگەری شوێنی بەرهەمهێنانی بەروبومی کشتوکاڵی هاوینە لە ڕووی ڕووبەر و بەرهەمەوە بە پێی ناحیەکانی ناوچەی توێژینەوە لە ساڵی 2023.

**کێشەی توێژینەوە:** بریتیە لە دەرخستنی ئەو جیاوازیەی کە لە ڕووی وەبەرهێنانەوە لە نێوان ناحیەکانی ئەم پارێزگایەدا هەیە و هۆکارە کاریگەرەکانی دروستبوونی ئەم جیاوازیە لەسەر بەروبومی هاوینە لە ساڵی2023.

**گریمانەی توێژینەوە:** هۆکارە سروشتی و مرۆیەکان دەورێکی کاریگەریان هەیە لەسەر شێوازی دابەشبوونی بەرهەهێنانی بەروبومی کشتوکاڵی هاوینە لە پارێزگاکەدا و دیاریکردنی ڕووبەری چێنراو و جۆری بەروبومەکان بە پێی هەر یەك لە ناحیەکانی سەر بە ناچەی تویژینەوە لە ساڵ 2023.

**میتۆدی توێژینەوە:** بۆ گەیشتن بە ئەنجامێك پشت بەستراوە بە هەر یەك لە میتۆدی (وەسفی و تاقیکاری) لە چوارچیوەی میتۆدی وەسفیدا پشت بەستراوە بە میتۆدی مێژوویی و بارودۆخ (الحالة) بۆ بارودۆخە جیاوازەکانی ناوچەکە لە ڕووی شوێن و بارودۆخی سروشتی و مرۆیی بۆ وەبەرهێنانی کشتوکاڵی هاوینە، میتۆدی تاقیکاری کە تیایدا پەیوەندی نێوان فاکتەرە سروشتیەکان و مرۆیەکان لەسەر رووبەو بڕی بەهەمی شوینە جیاوازەکانی ناوچەی توێژینەوە خراوتە ڕوو کە ئەم دوو میتۆدەش پێویستی بەوە هەیە کە ریگای شیکاری و بەراوردکاری ورد بگیرێتە بەر بۆ گەشتن بە ئامانجەکان.

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 12، العدد 3(2026)؛ عدد الصفحات (14)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v12n3y2026.pp57-70

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 21 أيلول 2025؛ قُبل في 26 تشرين الأول 2025؛ نُشرت في 18 تموز 2026؛

البريد الإلكتروني للمؤلف: ata.alaadin@univsul.edu.iq, arkanalihasan22@gmail.com

حقوق الطبع والنشر ©2026 اركان علی حسن، عطا محمد علاءالدین. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

## بەشی یەکەم
## هەڵکەوتەی جوگرافی و ئەستڕۆنۆمی

**1- پێگەی کارگێڕی ناوچەی توێژینەوە:** پارێزگای هەڵەبجە لەڕووی شوێنی جوگرافیەوە دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی عێراق و ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستان وەك لە نەخشەی ژمارە (1) دەردەکەوێت، سنورەکانی لەبەشی ڕۆژهەڵات و باشورەوە وڵاتی ئێرانە بەدرێژایی (125کم) هاوسنورە، وە زنجیرە چیاکانی (هەورامان و سورێن) سنوری جیاکەرەوەیەتی لەگەڵ ولاتی ئێران، وە بەشی ڕۆژئاوای پارێزگاکە دەریاچەی دەربەندیخانە وە بەشی ڕۆژئاواو باکوری پارێزگای سلێمانیە بەشی باشوری ڕۆژئاوای ئیدارەی گەرمیانە، ئەم پارێزگایە لەناحیەکانی (سیروان و خورماڵ و بیارە و بەمۆ) پێکهاتووە، ڕووبەرەکەی (1041،6کم2) وەك لە خشتەی (1) دەردەکەوێت، ناوەند و ناحیەی سیروان گەورەترین ڕووبەریان هەیە کە دەگاتە (461،5کم2) بەرێژەی (44،3٪) ی ڕووبەری پارێزگاکە، پاشان ناحیەی خورماڵ بەپلەی دووەم دێت کە ڕووبەرەکەی (262کم2) یە بەرێژەی (25،3٪)، وە ناحیەی بیارە بە پلەی سێیەم دێت کە ڕووبەرەکەی (183،7کم2) بەرێژەی (17،6٪)، پاشان ناحیەی بەمۆ دێت کە ڕووبەرەکەی (134،4کم2) بەرێژەی (13٪) لە ڕووبەری پارێزگاکە پێك دێنێت، کۆی گشتی ژمارەی ئەو گوندانەی سەر بە پارێزگاکەن (153) گوندن، زۆرترین گوند دەکەوێتە سنوری ناوەندی پارێزگا و ناحیەی سیروان،کە ژمارەیان (67) گوندەو ناحیەی خورمال (45) گوندەو ناحیەی بیارە (29) گوندە و ناحیەی بەمۆ (12) گوندە.

**2- پێگەی ئەستڕۆنۆمی ناوچەی توێژینەوە:** لە ڕووی شوێنی فەلەکیەوە پارێزگاکە دەکەوێتە نێوان بازنەی پانی (15″ : 27′ : 35 °) و(40″ : 53′ : 34 °) و هێڵی درێژی (24″ : 46′ : 45 °) و (2″ : 12′ : 46 °) ڕۆژهەڵات.


**خشتەی (1)**
**ڕووبەری یەکە کارگێڕیەکانی پارێزگای هەڵەبجە لەساڵی (2023)**

| یەکەی کارگێڕی | 2024 | | ژ.گوند ساڵی 2024 |
|---|---|---|---|
| | ڕووبەر/کم2 | ڕێژە٪ | |
| ناوەند+ ناحیەی سیروان | 461،5 | 44،3 | 67 |
| ناحیەی خورماڵ | 262 | 25،1 | 45 |
| ناحیەی بیارە | 183،7 | 17،6 | 29 |
| ناحیەی بەمۆ | 134،4 | 13 | 12 |
| کۆی گشتی | 1041،6 | 100 | 153 |

**سەچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:-**

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆژیای زانیاری GIS ، ساڵی (2023).


**نەخشەی (1)**
**شوێنی پارێزگای هەڵەبجە بەپێی هەرێمی کوردستان و عێراق**




**کاری توێژەر پشت بەست بە:**
**1- هاشم یاسین حمامین حداد. ئەتلەسی هەرێمی کوردستان و عێراق و جیهان، چاپی یەکەم، هەولێر، 2009، ل20. 2- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆژیای زانیاری،(GIS)، ساڵی2023. 3- بەکارهێنانی بەرنامەی GIS10.8**

**نەخشەی (2)**

**شوێنی ئەسترۆنۆمی پارێزگای هەڵەبجە**




**کاری توێژەر پشت بەست بە:-**

**1- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆژیای زانیاری،(GIS)، ساڵی2023. 2- بەکارهێنانی بەرنامەی GIS10.8.**

## بەشی دووەم:
## دابەشبوونی شوێنی بەرهەمهێنانی بەروبومی کشتوکاڵی هاوینە لە پارێزگای هەڵەبجە لە ساڵی 2023

کۆی ڕووبەری زەوی شیاو بۆ کشتوکاڵ (127704) دۆنمە وە کۆی ڕووبەری چێنراو لە ناوچەی توێژینەوە (90574) دۆنم بووە، وە ڕووبەری چێنراوی زستانە (70863) دۆنم بووە و ڕووبەری زەوی چێنراو بە کشتوکاڵی هاوینە لە پارێزگای هەڵەبجە لە ساڵی (2023) دا دەگاتە (19711) دۆنم و بەرێژەی (21،8٪) ی ڕووبەری چێنراوی پارێزگا پێکدێنێت بە بەروبومی کێڵگەیی و باخداریەوە، ئەم ڕووبەرەش بەشێوەیەکی جیاواز چێنراوە بە بەروبومە کشتوکاڵیەکان هەروەك لە خشتەی (2) شێوەی (1) ڕونکراوەتەوە لەو ڕووبەرەش بڕی (13838) دۆنم و بەرێژەی (70،2٪) باخداریە و کۆی بەروبومی کێڵگەیی (5873) دۆنم و بەرێژەیی (29،8٪) بەروبومی کێڵگەیە، زۆرترین ڕووبەری چینراویش سەوزەواتە کە ڕێژەکەی دەگاتە (27،3٪) و کەمترین ڕووبەریش بەروبومی پیشەسازی ڕۆنیە و دەگاتە (0،9٪)

ڕوبەری بەروبومی هاوینە، لە خوارەوە ئاماژە بە دابەشبوونی شوێنی هەریەك لە جۆری بەرووبومەکان دەکەین:

**خشتەی (2)**


**ڕووبەری چێنراو(دۆنم) جۆرەکانی بەروبومی کشتوکاڵی هاوینە لە پارێزگای هەڵەبجە ساڵی 2023**

| بەروبووم | ڕووبەری چێنراو/دۆنم | ڕێژە٪ بەبێ باخداری | ڕێژە لەگەڵ باخداری |
|---|---|---|---|
| بەروبومی سەوزەواتی هاوینە | 5378 | 91،5 | 27،3 |
| بەروبومی پیشەسازی (ڕۆنی) | 52 | 0،9 | 0،3 |
| بەروبومی دانەوێڵەی هاوینە | 140 | 2،4 | 0،7 |
| بەروبومی پاقلەمەنیەکان | 143 | 2،5 | 0،7 |
| بەرهەمی ئالیکی ئاژەڵی | 160 | 2،7 | 0،8 |
| کۆی بەروبومی هاوینە بەبێ باخداری | 5873 | ٪100 | ٪29،8 |
| ڕووبەری باخداری | 13838 | ٪70،2 | ٪70،2 |
| کۆی گشتی | 19711 | ٪100 | ٪100 |

**سەرچاوە/ کاری توێژەر پشت بەست بە: وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەڵەبجە، بەشی پلان دانان و بەدواداچوون، 2023.**

**شێوەی (1)**

**دابەشبوونی ڕێژەیی (٪) ڕووبەری بەرووبومی هاوینەو باخداری لە پارێزگای هەڵەبجە بۆ ساڵی 2023**




**سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی ژمارە(2)**

### 1- بەروبوومی سەوزەواتی هاوینە:

مەبەست لە سەوزەواتی هاوینە هەموو ئەو بەروبومانە دەگرێتەوە کە لە وەرزی هاویندا بەرهەمەکانیان پێدەگات، وە لە چەند جۆرە بەروبومێك پێکهاتوون کە بریتین لە: (تەماتە، خەیار، بامیە، باینجان، پیاز، کولەکە، پەتاتە، شوتی، کاڵەك، ترۆزی دەبم و بەرواو، چەند بەروبومێکی تر)، ئەم بەروبومانە پێویستیان بە چاودێریکرنی ورد هەیە لە کاتی چاندن و بەرهەمهێنان و کۆکردنەوەی بەرهەمەکانیانداو وە هەروەها پێویستیان بە دەستی کاری زۆر هەیە لە کاتی پێگەشتنی بەرهەمەکانیاندا، چونکە تاوەکو ئێستا هیچ

جۆرە ئامێرێك نەیتوانیوە جێگەی دەستی كار لەم بوارەدا بگرێتەوە، لە ناوچەی توێژینەوەدا بە پلەی یەكەم دێت لە نێو بەروبومە هاوینەیەكاندا كە ڕووبەری (5378) دۆنم داگیر دەكات لە ڕووبەری (5873) دۆنم كە بەرێژەی لە (91،5) لە كۆی ڕووبەری بەرووبومی هاوینە دەكات جگە لە باخداری، وە بری بەرهەمەكەی (17639) تەن بووە لە ساڵی (2023) دا وەك لە خشتەی (3) دیارە، لە نێو جۆرەكانی سەوزەواتدا شوتی بە پلەی یەكەم دێت كە ڕوبەرەكەی (2241) لە (41،7٪) ڕوبەری چێنراوی سەوزەواتە وبری بەرهەمەكەشی (6723) تەن بووە و لە (38،2) ی بڕی بەرهەمی سەوزەواتە، وە كەمترین ڕوبەری چێنراویش باینجانە كە ڕوبەرەكەی (55) دۆنم كە (1٪) ڕوبەری چێنراوی سەوزەواتەو بڕی بەرهەمەكەشی (220) تەن بووە و لە (1،2٪) بووە.

**خشتەی (3)**

**ڕووبەری چێنراو/دۆنم بەروبومی سەوزەواتی هاوینەو بری بەرهەم/ تەن لە پارێزگای هەڵەبجە لە ساڵی 2023**

| بەروبووم | ڕووبەری چێنراو/دۆنم | ڕێژە٪ | بەرهەم/تەن | ڕێژە٪ | بڕشت دۆنم/كلغم |
|---|---|---|---|---|---|
| شوتی | 2241 | 41،7 | 6723 | 38،2 | 3000 |
| ترۆزی | 621 | 11،5 | 1242 | 7 | 2000 |
| تەماتە | 541 | 10،1 | 2705 | 15،4 | 5000 |
| بامیە | 423 | 7،8 | 1692 | 9،6 | 4000 |
| كاڵەك | 393 | 7،4 | 786 | 4،5 | 2000 |
| پەتاتە | 330 | 6،1 | 1650 | 9،4 | 5000 |
| خەیار | 301 | 5،6 | 1079 | 6 | 3500 |
| پیاز | 220 | 4،1 | 825 | 4،7 | 3750 |
| كولەكە | 141 | 2،6 | 493 | 2،8 | 3500 |
| باینجان | 55 | 1 | 220 | 1،2 | 4000 |
| ئەوانی تر | 112 | 2،1 | 224 | 1،2 | 2000 |
| كۆی گشتی | 5378 | ٪100 | 17639 | ٪100 | 3280 |

**سەرچاوە: كاری توێژەر پشت بەست بە: حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزاەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو، بەرێوەبەرایەتی گشتی كشتوكاڵی هەڵەبجە، بەشی پلان دانان، 2023.**

بۆ دەرخستنی دابەشبوونی ڕێژەی ڕووبەری چێنراو بە بەروبومی سەزەواتی هاوینە و بڕی بەرهەم بەپێی هەریەكە لە ناحیەكانی سەر بە ناوچەی توێژینەوە لە خشتەی (4) و نەخشەی (3) دەردەكەوێت كە:

1- ناحیەی خورماڵ بە پلەی یەكەم دێت لە ڕووی داگیركردنی ڕووبەری زەوی چێنراو بە بەرووبومی سەوزەواتی هاوینە كە ڕووبەرەكەی دەگاتە (3221) دۆنم، كە بەرێژەی (59،9٪)) ڕووبەری زەوی چێنراوی سەوزەواتی هاوینەی پارێزگاكە پێك دێنێت كە بڕی بەرهەمەكەی (10565) تەن بووە، هۆكاری زۆری ڕووبەری چێنراو بە بەروبومی هاوینە لەم ناحیەیەدا دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ڕووبەرێكی زۆری زەوی تەختانی و بەپیت كە بەكارهێنانی ئامێر تێیدا ئاسانە، هەروەها بوونی سەرچاوەی ئاوی وەك سەرچاوەی ئاوی زەڵم و ڕێشێن كە دوو سەرچاوەی گرنگ و گەورەی ئاوین و درێژی پرۆژەی جۆگای ئاودێری كە لە سەر ئەم سەرچاوەیە دروست كراوە كە كارئاسانی كردووە بۆ جوتیارانی ناوچەكە بۆ بەكارهێنانی زەویە كشتوكاڵیەكانیان، وە بوونی ڕێگای هاتوو چۆی قیرتاوكراو لە نێوان گوندەكان و ئەم ناحیەیەو نێوان ناوەندی شارو نزیكی لە بازاڕی فرۆشتنی سەوزەوات و میوەجات (علوەی هەڵەبجە) و نزیكی ئەم ناوچەیە لە ڕێگای سەرەكی (هەڵەبجە- سلێمانی) و ئاسانی گواستنەوەی بەروبوومە كشتوكاڵیەكان و فرۆشتنی لە شاری سلێمانی.

2- ناحیەی سیروان بە پلەی دووەم دێت لە دوای ناحیەی خورماڵ لە ڕووی زۆری ڕووبەری چێنراو دە (1334) دۆنمە و (24،8٪) ڕووبەری چێنراوی پارێزگا دەكات، بڕی بەرهەمی (4375) تەنە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە ناحیەكە نزیكە لە سەنتەری پارێزگاو ئاوەدانی گوندەكانی و بەستنەوەیان بە سەنتەری پارێزگاو بوونی زەوی بەپیت و سەرچاوەی ئاوی زۆر بە تایبەتی بیر، چونكە نزیكە لە دەریاچەی سیروان كە بووەتە هۆی ئەوەی لەم ناوچەیەدا بە قوڵیەكی زۆر كەم بیرەكان دەگاتە ئاو سەرەڕای بوونی پرۆژەی جۆگای ئاودێری لەم ناوچەیەدا وەك پرۆژەی جۆگای كۆنكرێتی دەڵێن كە ڕووبەرێكی زۆری زەویە كشتوكاڵیەكانی ئەم ناوچەیە بەراو دەكات.

3- ناحیەی بیارە بە پلەی سێیەم دێت لە داگیركردنی ڕووبەری چینراو بە بەرووبوومی سەوزەواتی هاوینە كە دەگاتە (823) دۆنم و بە ڕێژەی (15،3٪) ی ڕووبەری زەوی چێنراوی پارێزگا پێكدێنێت و بری بەرهەمی (2699) تەن بووە، ئەم ناوچەیە بەشێكی زۆری زەویەكانی لێژن و زۆر گونجاو نین بۆ بەروبوومی سەوزەواتی هاوینە و زیاتر دەكرێت بە باخداری، هەروەها ئەو بەشەش لە زەویەكانی كە لێژیان زۆر نیە سەرچاوەی ئاوی تێدا نیەو ئاستی ئاوی ژێر زەوی قوڵی زۆرەو بە ئاسانی ناتوانریت بیری تێدا لێبدرێت، بۆیە زیاتر بۆ چاندنی بەروبومی كشتوكاڵی زستانە بەكاردەهێنرێت.

4- ناحیەی بەمۆ ئەم ناحیەیە بچوكترین ناحیەی پارێزگاكەیە و بەهۆی نەبونی لقی كشتوكاڵی لە ناحیەكە و نەبوونی داتای تۆمار كراو لە بەرێوەبەرایەتی گشتی كشتوكاڵی هەڵەبجە، ڕووبەری چێنرا و بڕی بەرهەمی سەوزەواتی هاوینەی تێدا تۆمار نەكراوە، سەرەڕای بوونی بەرزی و نزمی زۆر لە زەویەكانی ئاستی سەرچاوە و كانی و جۆگاكانی بۆیە زیارتر زەویەكانی بۆ مەبەستی چاندنی بەروبومی كشتوكاڵی زستانە و ڕووبەرێكی زۆر كەمیش لە بەروبومی باخداری بەكاردەهێنرێت.

سەبارەت بە دابەشبونی ڕێژەیی جۆرە جیاوازەكانی بەروبومی سەوزەواتی هاوینە ئەگەر سەیری پاشكۆی (1) بكەین دەبینین جیاوازی زۆر بەدی دەكرێت لە نێوان یەكە كارگێڕیەكانی پارێزگاكەدا و لە ناحیەیەك چڕ بووتەوە و لە ناحیەیەكی تر كەمە یان هەر نیە، ناحیەی خورماڵ لە پێش ناحیەكانی ترەوەیە لە ڕووی ڕوبەری چێنراوی (شوتی و ترۆزی و تەماتە و بامیەو خەیار و پیاز و كولەكە و باینجان و بەروبومەكانی تربەرێژەی (67٪) و (50٪) و (69،3٪) و (71٪) و (69،٪) و (59،1٪) و (75،4٪) و (72،7٪) و (41٪)، ئەمەش بە هۆی گونجاوی ئاووهەواو خاكی بەپیت و بونی سەرچاوەی ئاوی زۆر لەم ناحیەیەدا، وە ناحیەی سیروان بە پلەی یەكەم دێت لە بەروبومی پەتاتە بە ڕێژەی (36،4٪) ، ناحیەی بیارەش بە پلەی یەكەم دێت لە بەروبومی كاڵەك بەرێژەی (56٪) ، بەڵام ناحیەی بەمۆ هیچ جۆرە سەوزەواتێكی تێدا ناچێنرێت، وەك لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا، كە زەویەكانی دەیمن و بۆ بەروبومی زستانە بەكاردەهێنرێت، بوونی ئەم جیاوازیە لە نێوان ناحیەكاندا لە ڕووی زۆر و كەمی ڕوبەری چێنراو بۆ جیاوازی هۆكارە سروشتیەكان وەك ڕووی زەوی جۆری خاك و بوونی سەرچاوەی ئاوی و هۆكارە مرۆیەكان وەك قورسی بەكارهێنانی ئامێرە كشتوكاڵیەكان لە ناحیەیەك و ئاسانی بەكارهێنانی لە ناحیەیەكی تر و كەمی شارەزایی جوتیار و كەمی دەستی كارو زۆری تێچونی سەرمایە دەگەڕێتەوە.

**خشتەی(4)**


**ڕوبەری چێنراو/دۆنم/تەن بەروبومی سەوزەواتی هاوینە**
**بە پێی ناحیەکانی پارێزگای هەڵەبجە بۆ ساڵی 2023**

| یەکە کارگێڕیەکان | ڕووبەری چێنراو / دۆنم | ڕێژە٪ | بەرهەم/ تەن | ڕێژە٪ | بڕشت/ کغم/دۆنم |
|---|---|---|---|---|---|
| ناوەند+ سیروان | 1334 | 24،8 | 4375 | 8،،24 | 3280 |
| ناحیەی خورماڵ | 3221 | 59،9 | 10565 | 59،9 | 3280 |
| ناحیەی بیارە | 823 | 15،3 | 2699 | 15،3 | 3280 |
| ناحیەی بەمۆ | - | - | - | - | - |
| کۆی گشتی | 5378 | ٪100 | 17639 | ٪100 | 3280 |

**سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەڵەبجە، بەشی پلان دانان و بەدواداچون، 2023.**

**نەخشەی (3)**

**دابەشبونی ڕێژەیی ڕوبەری چێنراو/دۆنم سەوزەواتی هاوینە**
**بە پێی ناحیەکانی پارێزگای هەڵەبجە (2023)**




**سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە: خشتەی ژمارە(4)**

**2- بەروبوومی پیشەسازی (ڕۆندارەکان):** مەبەست لە بەروبوومە زەیتیەکان بریتیە لەو بەروبومە کشتوکاڵیە کێڵگەییانەی بە مەبەستی دەستکەوتنی زەیت ئەچێنرێن، یان بریتین لەو بەروبومە ڕووەکیانەی زەیتیان لێدەردەهێنرێت و ئەو زەیتەش بەکاردێت لە پیشەسازیدا بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمێکی تری خۆراکی یان ناخۆراکی، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ داواکاری لەسەر ئەو زەیتانەی لەم جۆرە بەروبومانە بەرهەم دەهێنرێت زیاد دەکات، بەهۆی کەمی بەرهەمی ڕۆنی ئاژەڵی لە لایەك و فراوان بوونی ئەو بوارانەی ئەم جۆرە زەیتانە تێدا بەکاردەهێنرێت لە لایەکی تر (حمیوسف و تالب،2023،ل.23)، لەو بەروبوومە پیشەسازیانەی کە لە ناوچەی توێژینەوە بەرهەم دەهێنرێت تەنها دوو جۆر بەروبومە کە ئەوانیش (گوڵەبەڕۆژەو کونجی) یە، ڕووبەری چینراوی دەگاتە (52) دۆنم کە دەکاتە لە (0،3٪) کۆی ڕووبەری زەوی چینراوی بەروبومی هاوینە، بڕی بەرهەمیشی دەگاتە (21،4) تەن، ئەم بەروبومە پیشەسازیە لە ناوچەی توێژینەوەدا بە پێی گرنگی ڕووبەری و بەرهەمی پێك دێن لە:

**أ- گوڵەبەڕۆژە:** یەکێکە لە بەروبومە پیشەسازیە هاوینەیە گرنگەکان و سەرچاوەیەکی زۆر ڕۆنی تێدایە کە دەخەمڵێنرێت بە ڕێژەی (40-50٪) بە پێی جۆرەکانی و خزمەتکردنی ڕێژەی پرۆتین تێیدا دەگاتە (30-35٪) وە لە پیشەسازی بۆیەی پێست و پترۆکیمیایی و ئالیکی ئاژەڵدا بەکاردێت (رشید، 2024، ل.239)، بە گوڵی خۆر یان خۆرپەرست ناودەبرێت چونکە گوڵی ڕووەکەکە هەمیشە ڕوو لە خۆر دەکات و درێژیەکەی (1،5-3) مەتر دەبێت (احمد، 2011، ص9)، ناوچەی توێژینەوە ناوچەیەکی لەبارە بۆ ئەم بەروبومە لە ڕووی بوونی خاکی گونجاو کە خاکی تێکەڵاوە بە تایبەت لەو ناوچانەی کە کەمێك لێژن و لە بناری چیاکاندان، وە گونجاوی پلەکانی گەرمی و ماوەی دەرکەوتنی تیشکی خۆری پێویست وە بوونی بڕی پێوست لە باران، ڕووبەری زەوی چێنراو لە ناوچەی توێژینەوە (32) دۆنم کە (61،5٪) ی ڕووبەری زەوی چێنراو بە بەروبومی ڕۆنی دەکات، وە بڕی بەرهەمی (48) تەنە و لە (87،5٪) کۆی بەرهەمی بەروبومی ڕۆنیە، ئەگەر سەیری خشتەی ژمارە (5) بکەین دابەشبونی ڕێژەیی ڕووبەری بەروبومی گوڵەبەڕۆژە بەپێی یەکە کارگێڕیەکان بۆمان دەردەکەوێت کە ناحیەی سیروان بە پلەی یەکەم دێت لە ڕووی ڕووبەری چێنراوی گوڵەبەڕۆژە کە (87،5٪) ی کۆی ڕوبەری ناوچەی توێژینەوە پێك دێنێت، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ فراوانی ڕوبەری زەوی کشتوکاڵی لەم ناحیەو خاکەکەی گونجاوەو بەپیتە و هەروەها بیارە بە پلەی دووەم دێت لە ڕووی ڕووبەری چێنراوەوە کە (12،5٪) کۆی ڕووبەری چێنراوی گوڵەبەڕۆژەیە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم ناوچەیە خاکەی گونجاو و لەبارەو بڕی بارانی زۆرەو کەمتر پێویستی بە ئاوی ژێر زەوی دەبێت، بەڵام هەردوو ناحیەی خورماڵ و بەمۆ هیچ گوڵەبەڕۆژەی تێدا نەچێنراوە لەم ماوەیەدا، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ناحیەی خورماڵ زیاتر بۆ بەروبومی سەوزەواتی هاوینە بەکار دەهێنرێت کە گرنگی و بایەخی زیاترە لە بەروبومی گوڵەبەڕۆژە لە ڕووی سود و داهاتەوە، بە هۆی گونجاوی خاکەکەیی و بوونی سەرچاوەی ئاوی زۆر، بەڵام نەچاندنی لە ناحیەی بەمۆ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم ناحیەیە ڕووبەری زەوی بەراوی نیە جگە لە بوونی بەروبومی باخداری.

**ب- کونجی:** لەو بەروبومە پیشەسازیانەی کە بە بوونی ڕێژەیەکی بەرزی ڕۆن تیایدا دەناسرێتەوە کە لە نێوان (50- 56٪) دایە و ڕۆنی ڕووەکی لێ دەردەهێنرێت و هەروەها پرۆتین و کالسیۆم و فسفۆری تێدایە، وە بەکاردەهێنرێت لە دروستکردنی شیرینیدا وەك (تاعین و ڕاشی)، سەرەڕای بەکارهێنانی لە دروستکردنی بۆن و پێداویستی پزیشکی و سابوندا (الغزالی، 2025 ، ص145)، چەند جۆرێکی هەیە کە زۆربەیان کێوین و تەنها یەك جۆریان بە شێوەی کێڵگەیی دەچێنرێت ئەم جۆرەش لەسەر بنەمای ڕەنگ و ڕێژەی زەیت تێیدا دابەش دەبێت بۆ دوو جۆر، کە ئەوانیش کونجی ڕەنگ سپی و کونجی ڕەگ سورن (حەمەیوسف، 2023، ل22-23)، سەبارەت بە دابەشبوونی ڕێژەیی ڕووبەری کونجی هەروەك لە خشتەی (5) دەردەکەوێت لە پارێزگاکەدا تەنها لە ناحیەی سیروان دەچێنرێت بەمەش ناحیەکە (100٪) ی ڕووبەری چێنراوی کونجی پێك دەهێنێت، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم بەروبومە زیاتر لە مانگی حوزەیراندا دەچێنرێت و پێویستی بە ئاو و دەستی کاری زیاتر هەیە ئەم

ناحیەیەش لە ڕووی بونی دەستی کار و سەرچاوەی ئاوەوە دەوڵەمەندە، بۆیە دوای کۆتایی هاتنی بەرهەمی گەنم زەویەکەی دەچێنرێت بە کونجی، واتە جوتیار وەك بەرهەمێکی سەرەکی گرنگی پێنادات، بەڵام هۆکاری نەچاندنی لە ناحیەکانی تر خورماڵ و بیارەو بەمۆ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەراود بە ناحیەی سیروان دەستی کار و دانیشتوانی کەمترە، بە شێوەیەکی گشتی ئەتوانین بڵێین کەمی ڕوبەری چێنراو بەم بەروبوومە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تێچون و ماندوبونێکی زیاتری دەوێت، هەروەها نەبونی پلانێکی ڕێك و پێك بۆ بەکارهێنانی ئەم بەروبومە کشتوکاڵیە پیشەسازیانە و بونی بەرهەمی بیانی لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان و ناوچەکەدا کە کێبڕکێ بەرهەمی ناوخۆیی دەکات لە ڕووی کەمی نرخ و کوالێتیەوە، بۆیە جیاوازی دابەشونەکە بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە کە هۆکارەکانی بەرهەمهێنان لەو ناحیانەی تردا بوونی نەبێت.

**خشتەی(5)**

**ڕووبەری چێنراو/دۆنم بەروبومی پیشەسازی (ڕۆنی) هاوینە بەرهەم/تەن بەپێی ناحیەکانی هەڵەبجە بۆ ساڵی 2023**

| یەکەکارگێڕییەکان | گوڵەبەڕۆژە | | | | | کونجی | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ڕووبەر | ڕێژە٪ | بەرهەم/تەن | ڕێژە٪ | بڕشت/کگم/دۆنم | ڕووبەر | ڕێژە٪ | بەرهەم/تەن | ڕێژە٪ | بڕشت/کگم/دۆنم |
| سیروان | 28 | 87،5 | 42 | 87،5 | 1500 | 20 | 100 | 8 | 100 | 400 |
| خورماڵ | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - |
| بیارە | 4 | 12،5 | 600 | 12،5 | 1500 | - | - | - | - | - |
| بەمۆ | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - |
| کۆی گشتی | 32 | ٪100 | 48 | ٪100 | 1500 | 20 | ٪100 | 8 | ٪100 | 400 |

**سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزاەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەڵەبجە، بەشی پلان دانان و بە دواداچون، 2023، داتای بڵاونەکراوە.**

**3- بەروبومی دانەوێڵە هاوینەییەکان:** بەگرنگترین بەروبوومە کشتوکاڵییە ڕووەکییەکان دادەنرێن، لەبەر ئەوەی بەسەرچاوەیەکی سەرەکی خۆراکی دانیشتووان و ئالیکی ئاژەڵ دادەنرێن، پێکدێن لە کۆمەڵێك بەروبوومی هاوینە لەوانە گەنمەشامی، بەروبوومی کێڵگەیە و دەچێتە پیشەسازی ڕۆنی ڕووەکی و بەکارهێنانی ئالیکی ئاژەڵی، هەروەها برنج، کە خۆراکی سەرەکی دانیشتوانە.

**أ- گەنمەشامی:** یەکێکە لە بەروبوومە کێڵگەییەکان، بەهای خۆراکی بەرزە و بەسەرچاوەی وزە بۆ مرۆڤ و ئاژەڵ دادەنرێت(رمیض، 2021،ص46).

ئەم بەروبوومە لە دوو وەرزدا دەچێنرێت ئەوانیش وەرزی بەهار و وەرزی هاوینە و گرنگییەکی زۆریشی لە ڕووی ئابووری و خۆراکییەوە هەیە، لە ناوچەی توێژینەوەدا بەشێوەیەکی سەرەکی وەك ئالیکی ئاژەڵ بەکاردەهێنرێت و ئامادە دەکرێت و هەڵدەگیرێت بۆ وەرزی زستان. ڕووبەری چێنراو بەگەنمە شامی دەگاتە (120) دۆنم، کە (٪85.7) کۆی ڕووبەری چێنراوی دانەوێڵە پێکدێنێت سەبارەت بە دابەشبوونی ڕێژەیی هەروەك لە خشتەی (6) دەردەکەوێت جیاوازی زۆر لە نێوان یەکە کارگێڕییەکانی ناوچەی توێژینەوەدا هەیە. وەك دەبینین تەنها لە ناحیەی سیرواندا دەچێنرێت بۆیە بە پلەی یەکەم دێت، ڕووبەری چێنراوی (120) دۆنمەو بڕی بەرهەمی (90) تەنە و بەمەش لە (٪100) ڕووبەری چێنراو و بەرهەمی گەنمەشامی پارێزگا پێکدێنێت، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لەم ناحیەیەدا کێڵگەی بەخێوکردنی مانگا هەیە، چونکە بە خۆراکێکی گرنگی ئاژەڵ دادەنرێت هەروەك لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا. هەروەها زۆری بوونی بیری ئاو لەم ناوچەیەدا هۆکارێکی ترە، چونکە پێویستی بە ئاو هەیە بە درێژایی گەشەکردنی و ئەم بیرانەش توانای دابینکردنی ئەو ئاوەیان هەیە، بەڵام لە سێ ناحیەکەی تری پارێزگاکە گەنمەشامی ناچێنرێت، هۆی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لەو ناحیانەی تر کێڵگەی بەخێوکردنی مانگایتێدا نییە. هەروەها نەبوونی هۆشیاری، یان بڵاونەکردنەوەی هۆشیاری لەلای جوتیار و خاوەن ئاژەڵ و مانگا، کە ئەم بەروبوومە بەروبوومێکی زۆر بە بایەخە بۆ ئالیکی ئاژەڵ و زیادبوونی بڕی شیر.

**ب- برنج (چەڵتوك):** یەکێکە لە بەرهەمە دانەوێڵەییە گرنگەکان و خۆراکێکی سەرەکیەو سەرچاوەی کالۆرییە جگە لە بەکارهێنانی پاشماوەکانی بۆ خۆراکی ئاژەڵ، ئەم بەروبوومە پێویستیەکی زۆری بە ئاو هەیە، لە مانگی حوزەیراندا دەچێنرێت و لە کۆتایی مانگی تشرینی یەکەمدا پێدەگات، پێش ئەوەی باران ببارێت. لە ڕووی ڕووبەری چێنراوی بەروبوومە دانەوێڵەییەکانەوە بە پلەی دووەم دێت لە دوای گەنمەشامی. لە ناوچەی توێژینەوەدا وەك لە خشتەی (6) دەردەکەوێت ڕووبەری چێنراو (20) دۆنمە و ڕێژەکەی دەکاتە (٪14.3) ڕووبەری چێنراوی بەروبوومە دانەوێڵەییەکان، سەبارەت بە دابەشبوونی ڕێژەیی ڕووبەری چێنراو لە نێوان یەکە کارگێڕییەکانی ناوچەی توێژینەوەدا تەنها لە یەك ناحیەدا دەچێنرێت، ئەویش ناحیەی خورماڵە و بەمەش هەر (20) دۆنمەکە دەکاتە لە (٪100) ی ڕووبەری چێنراوی پارێزگاکە و بڕی بەرهەمەکەشی (40) تەنە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، ئەم ناحیەیە زەوی تەخت و گونجاو و سەرچاوەی ئاوی بەردەوامی هەیە وەك هەردوو سەرچاوەی ئاوی زەڵم و ڕیشێن کە دوو سەرچاوەی ئاوی گەورەن و هەمیشەیین و بە درێژایی ساڵ ئاویان لەبەر دەڕوات و وشك نابن، برنج پێویستی بە ئاوی بەردەوام هەیە بە درێژایی ماوەی گەشەکردن و پێگەیشتنی. هەروەها بوونی شارەزایی و ئارەزووی جوتیاری ئەم ناوچەیە لەبەرهەمهێنانیدا، بەڵام دەبینین لە تەواوی ناحیەکانی تری پارێزگاکە هیچ ڕووبەرێکی چێنراو بە بەروبوومی برنج نییە. بەشێوەیەکی سەرەکی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هیچ پلانێکی کشتوکاڵی لەلایەن حکومەتەوە نییە بۆ هاندانی جوتیاران بۆ زیاد کردنی ڕووبەری ئەم بەروبوومە گرنگە و هاتنە ناوەوەی برنجی وڵاتانی تر بۆ ناوخۆی هەرێم و ناوچەکە بە نرخێکی زۆر کەمتر لە وەی، کە هەیە ئەمەش وا دەکات، تێچوونی زۆر بێت و نەتوانێت لە بازاڕدا ڕکابەری برنجی بیانی بکات. لە ڕووی سەرچاوەی ئاویەوە ئەم ناحیانەی تر وەك خورماڵ دەوڵەمەند نین بە سەرچاوەی ئاوی بەردەوام و هەمیشەیی بە درێژایی ساڵ، ئەمانەش هۆکاری ئەو جیاوازییە شوێنییەن لە بەرهەمهێنانی بەروبوومی برنج لە ناوچەی توێژینەوەدا.

**خشتەی(6)**

**ڕووبەری چێنراو/دۆنم بە بەروبوومی دانەوێڵەی هاوینە و بەرهەم/تەن بەپێی ناحیەکانی پارێزگا بۆ ساڵی 2023**

| ناحیەکان | گەنمەشامی | | | | | برنج | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ڕووبەر | ڕێژە٪ | بەرهەم/تەن | ڕێژە٪ | بڕشت/کگم/دۆنم | ڕووبەر | ڕێژە٪ | بەرهەم/تەن | ڕێژە٪ | بڕشت/کگم/دۆنم |
| سیروان | 120 | 100 | 90 | 100 | 750 | - | - | - | - | - |
| خورماڵ | - | - | - | - | - | 20 | ٪100 | 40 | 100 | 2000 |
| بیارە | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - |
| بەمۆ | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - |
| کۆی گشتی | 120 | ٪100 | 90 | ٪100 | 750 | 20 | ٪100 | 40 | ٪100 | 2000 |

**سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەستن بە:**
**حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەڵەبجە، بەشی پلان دانان و بە دواداچوون، 2023.**

**4- بەروبوومی پاقلەمەنیەکان:** لە بەروبومە کێڵگەیە گرنگەکان دەژمێردرێت و لە بەرهەمە سەرەکیەکانە و (600) جۆر لەخۆ دەگرێت و (18) جۆریان لە خۆراکی مرۆڤدا بەکاردەهێنرێت و هەریەکەیان تایبەتمەندی جیایە لەوی تر (الجنابي، 2003، ص.37) گرنگیەکەی لەوەدایە کە یەکێکە لەو بەروبومانەی کە بەهایەکی خۆراکی بەرزی تێدایە بە تایبەتی پرۆتین، هەر بۆیە خۆراکێکی گرنگ بۆ مرۆڤ پێکدەهێنێت و کاریگەریەکی زۆریشی هەیە بۆ بەپیتکردنی خاك (احمد، 2008، ص90)، بەروبومە پاقلەیەکان لە ناوچەی توێژینەوە پێکدێن لە (لۆبیا و فاسۆلیا و ماش) ڕووبەری دەگاتە (143) دۆنم کە لە (٪0،7) ی کۆی ڕووبەری بەروبومی هاوینە پێك دێنێت و بڕی بەرهەمی (128،7) تەنە، سەبارەت بە دابەشبوونی ڕێژەیی ڕووبەری چێنراو بە پێی یەکە کارگێڕیەکانی پارێزگا هەروەك لە خشتەی (7) دەردەکەوێت جیاوازی زۆر بەدی دەکرێت، ناحیەی خورماڵ بە پلەی یەکەم دێت کە ڕووبەری چێنراوی دەگاتە (105) دۆنم و بەڕێژەی (٪73،4) ی ڕووبەری پارێزگا داگیر دەکات و بڕی بەرهەمیشی (94،5) تەنە، بەڕێژەی (٪73،4) ی بەرهەمی پاقلەمەنیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ناحیەی خورماڵ ڕێگای هاتوچۆی گونجاوە و دەیبەستێتەوە بە بازاڕی هەڵەبجەو بازاڕی پارێزگای سلێمانیەوە، هەروەها بوونی سەرچاوەی ئاوی زۆر و خاکی گونجاو، پاشان ناحیەی سیروان بە پلەی دووەم دێت کە ڕووبەری چێنراوی دەگاتە (38) دۆنم و بەڕێژەی (٪26،6) ی ڕووبەری پارێزگا پێك دێنێت و بڕی بەرهەمەکەشی دەگاتە (34،2) تەن، بەڕێژەی (٪26،6) ی بەرهەمی پارێزگا، ئەمەش بە هۆی ئەوەی ئەم ناحیەیە نزیکە لە سەنتەری پارێزگا و بازاڕەوە بۆیە زیاتر سەوزەواتی وەك تەماتەوە بامیەو خەیارو جۆرەکانی تری لێ دەچێنرێت و ڕۆژانە دەبرێتە بازاڕەوە، بەڵام سەبارەت بە ناحیەی بیارە و بەمۆ بەروبوومی لۆبیای لێ ناچێنرێت ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە ناحیەی خۆماڵ بەشێکی زۆری ڕووی زەویەکەی تەخت نیەو بەروبومی باخداری و میوەجاتی لێ بەرهەم دێت ئەوەشی دەمێنێتەوە زیاتر زەوی دەیمن و ئاوی کەمە و بە بەروبوومی زستانە دەچێنرێت، وە ناحیەی بەمۆش زەویەکانی دەیمن و بەشێکی کەمی زەویەکانی بەراون کە ئەویش چێنراون بە میوەجات و باخداری هەر وەك لە پێشەوە ئاماژەمان پێداوە.

**خشتەی(7)**

**ڕووبەری چێنراو/دۆنم بە بەروبومی پاقلەمەنی هاوینە و بەرهەم/تەن بەپێی ناحیەکانی پارێزگا بۆ ساڵی 2023**

| ناحیەکان | ڕووبەر | ڕێژە٪ | بەرهەم/تەن | ڕێژە٪ | بڕشت/کگم/دۆنم |
|---|---|---|---|---|---|
| ناوەند+سیروان | 38 | 26،6 | 34،2 | 26،6 | 900 |
| خورماڵ | 105 | 73،4 | 94،5 | 73،4 | 900 |
| بیارە | - | - | - | - | - |
| بەمۆ | - | - | - | - | - |
| کۆی گشتی | 143 | ٪100 | 128.7 | ٪100 | 900 |

**سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزاەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەڵەبجە، بەشی پلان دانان و بە دواداچون، 2023، داتای بڵاونەکراوە.**

**5- ئالیکی ئاژەڵی:** لەو بەروبومە ڕووەکیانەن کە گرنگی زۆریان هەیە لە بواری کشتوکاڵدا، چونکە خۆراکی سەرەکی ئاژەڵن کە لەلایەن مرۆڤەوە بەخێودەکرێن و سودیان لێوەردەگیرێت و بەدوو جۆر بەکاردەهێنرێت ئەویش بە شێوەی ئالیکی (ووشك و سەوز) ، لێرەدا مەبەست لە ئالیکی سەوزە کە بریتیە لە هەر بەشێکی بەروبومە ڕووەکیەکان کە گونجاو بێت بۆ ئەوەی ئاژەڵ وەك خۆراك سودی لێوەربگرێت (العزاوي، 2021، ص13)، بەروبوومی ئالیك چەند جۆرێکن وەك وێنجەو سێپەڕە کە سیپەڕە سروشتیەو مرۆڤ دەستی نیە لە ڕواندنیدا، لەبەر ئەوە لە ناوچەی توێژینەوەدا تەنها یەك جۆری ئالیك دەچێنرێت کە ئەویش (وێنجە) یە، دەتوانرێت وەك بەروبومی زستانە لە مانگی تشرینی یەکەم بچێنرێت وەك بەروبومی هاوینەش لە مانگی ئازار بچێنرێت (الجبوري، 2019، ص31)، لەخشتەی (8) دەردەکەوێت ڕووبەری چێنراو بە وێنجە (160) دۆنمەو لە (٪2،7) ڕووبەری چینراوی هاوینە بە بێ باخداری پێك دێنێت و بە ڕێژەی (٪0،8) کۆی بەرهەمی هاوینە پێك دێنێت و بڕی بەرهەمی (240) تەنە، دابەشبونی ڕێژەی بەروبومی وێنجە لە ناوچەی توێژینەوەدا بە پێی یەکە کارگێڕیەکان جیاوازی بەدی دەکرێت، ناحیەی سیروان بە پلەی یەکەم دێت لە زۆری ڕووبەری چێنراو کە دەگاتە (130) دۆنم و بە ڕیژەی (٪81،2) ڕووبەری چێنراوی وێنجە پێك دێنێت و بڕی بەرهەمەکەی (195) تەنە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەم ناوچەیەدا کێڵگەی بەخێوکردنی ئاژەڵداری هەیە و خاوەن کێڵگەکان بە مەبەستی دابینکردنی ئالیکی ئاژەڵەکانیان گرنگی پێدەدەن و دەیچێنن بە تایبەتی لە وەرزی هاوین و وەك بەروبومێکی هاوینە، چونکە ئەم ناحیەیە بە هۆی ئەوەی لەوەڕگای سروشتی کەمە، هەروەها بوونی سەرچاوەی ئاو لەم ناوچەیەدا کە پێویستە بۆ دابینکردنی، پاشان ناحیەی خورماڵ بە پلەی دووەم دێت لە ڕووی ڕووبەری چێنراو کە دەگاتە (30) دۆنم و بەڕێژەی (٪19،8) ڕووبەری پارێزگاکە و بڕی

بەرهەمەکەشی (45) تەنە، بوونی کێڵگەی بەخێوکردنی ئاژەڵداری لە ناوچەکەدا کە وای کردووە پێویستی بەم بەروبومە بێت، هەروەها زۆری سەرچاوەی ئاوی لە ناحیەکەدا، چونکە بە درێژایی وەرزی هاوین پێویستی بە ئاودان هەیە، بەڵام لە هەردوو ناحیەی بیارەو بەمۆ وێنجە ناچینرێت، چونکە هیچ جۆرە کێڵگەیەکی تایبەتی بەخێوکردنی ئاژەڵی تێدا نیە.

**خشتەی(8)**
**ڕووبەری چێنراو/دۆنم بە بەروبومی ئالیکی ئاژەڵی (وێنجە) بەرهەم/تەن**
**بەپێی ناحیەکانی پارێزگا بۆ ساڵی 2023**

| یەکەکارگێڕیەکان | وێنجە | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | ڕووبەر | ڕێژە٪ | بەرهە/تەن | ڕێژە٪ | بڕشت/ئکگم/دۆنم |
| ناوەند+سیروان | 130 | 81،2 | 195 | 81،3 | 1500 |
| خورماڵ | 30 | 19،8 | 45 | 18،7 | 1500 |
| بیارە | - | - | - | - | - |
| بەمۆ | - | - | - | - | - |
| کۆی گشتی | 160 | ٪100 | 240 | ٪100 | 1500 |

**سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزاەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەرێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەڵەبجە، بەشی پلان دانان و بە دواداچون، 2023، داتای بڵاونەکراوە.**


**6- بەروبوومی باخداری:** لقێکی کشتوکاڵە کە تایبەتمەندە بە بەرهەمهێنانی چڕ و پڕی بەرهەمی باخداری کە ڕاستەوخۆ وەك خۆراك بۆ مرۆڤ بەکاردەهێنرێت یان بۆ مەبەستی پزیشکی یان بۆ دابینکردن و داپۆشینی لایەنە جوانکاریەکان بەکاردەهێنرێت، داری میوە بە هەموو جۆرەکانیەوە بایەخێکی گرنگی ئابوری هەیە بۆ جوتیار و گرنگی زۆری هەیە لە ژیانی مرۆڤدا، چونکە سەرچاوەیەکی سەرەکیە، پێکدێت لە ڕیشاڵ و کاربۆهیدرات و چەوری و پرۆتین و ترشە ئۆرگانیەکان و ڕێژەی ڤیتامینەکان تیایدا بەرزە (الکنانی، 2016، ص19)، جیاوازی هەیە لە نێوان جۆرەکانیاندا لە ڕووی پێویستی بە ڕەگەزەکانی ئاو و هەوا، وەك هەندێك لەو دارانە بەرگەی کەمی ئاو دەگرن وەك (ترێ و زەیتون) ، ناوچەی توێژینەوە یەکێکە لەو ناوچانەی کە بە هۆی گونجانی ئاو و هەواکەی و بوونی خاکی بە پیت کە بەشێکی دەشتی شارەزوور دەکەوێتە سنوری و بوونی دەرامەتی ئاوی لە چەم و کانی و بیر و کارێز و سەرچاوە ئاویەکانی تر وای کردووە کە ئەم ناوچەیە ڕووبەرێکی زۆری بە بەرووبمی باخداری و میوە بچێنرێت، کە دەگاتە (13838) دۆنم و بە ڕێژەی لە (70،2٪) ی بەروبومی هاوینەی پارێزگا پێك دێنێت بۆ ساڵی (2023) ، ئەم ڕووبەرەش هەروەك لە خشتەی (9) و شێوەی (2) دەردەکەوێت کە نۆ جۆر بەروبوم دەگرێتەوە کە بریتین لە (هەنار و گوێز و هەنجیر و ترێ و قۆخ و قەیسی و زەیتون و فستق و هەڵوژە)، زۆرترین ڕووبەری چینراو هەنارە کە دەگاتە (10623) دۆنم کە بە ڕێژەی (76،8٪) ی ڕوبەری باخداری پارێزگا پێك دێنێت و بڕی بەرهەمیشی (35055) تەنە، ترێ بە پلەی دووەم دێت کە ڕووبەرەکەی (1506) دۆنمە و بە ڕێژەی (10،9٪) ڕوبەری چێنراو بڕی بەرهەم بڕی بەرهەمەکەشی دەگاتە (3012) تەن و گوێز بە پلەی سێیەم دێت کە ڕووبەرەکەی دەگاتە (734) و بە ڕێژەی لە (5،3٪) ڕوبەری پارێزگاکەیە و بڕی بەرهەمەکەشی (1027) تەن، کەمترین ڕووبەری چێنراویش قۆخە کە (36) دۆنمەو بە ڕێژەی (0.3٪) ی ڕووبەری باخداری پارێزگا پێك دێنێت و بڕی بەرهەمی (108) تەنە.

**خشتەی (9)**
**ڕووبەری چێنراو/دۆنم بەروبومی باخداری و بڕی بەرهەم/ تەن**
**لە پارێزگای هەڵەبجە لە ساڵی 2023**

| جۆری بەروبووم | ڕووبەر | ڕێژە٪ | بەرهەم/تەن | بڕشت دۆنم/ئکگم |
|---|---|---|---|---|
| هەنار | 10623 | 76،8 | 35055 | 3300 |
| گوێز | 734 | 5،3 | 1027 | 1400 |
| هەنجیر | 259 | 1،9 | 349،6 | 1350 |
| ترێ | 1506 | 10،9 | 3012 | 2000 |
| قۆخ | 36 | 0،3 | 108 | 3000 |
| قەیسی | 68 | 0،5 | 272 | 4000 |
| زەیتون | 539 | 3،8 | 727،6 | 1350 |
| فستق | 40 | 0،3 | 10 | 250 |
| هەڵوژە | 33 | 0،2 | 66 | 2000 |
| کۆی گشتی | 13838 | ٪100 | - | - |

**سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزاەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەرێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەڵەبجە، بەشی پلان دانان و بە دواداچون، 2023، داتای بڵاونەکراوە.**

**شێوەی (2)**
**دابەشبوونی ڕێژەیی ڕووبەری بەروبومی باخداری و میوەجات**
**لە ناوچەی توێژینەوە بۆ ساڵی 2023**




**سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە: خشتەی (9)**

سەبارەت بە دابەشبوونی ڕێژەیی ڕووبەری چێنراوی باخداری بە پێی ناحیەکانی پارێزگا هەروەك لە خشتەی (10) دەردەکەوێت کە جیاوازی زۆر بەدی دەکرێت لە نێوان ناحیەکانی پارێزگاکەدا لە ڕووی ڕووبەری چێنراوی بەروبومی باخداری و میوەجات کە دەبینین فراوانترین ڕووبەری چێنراو دەکەوێتە ناحیەی سیروان کە ڕووبەری دەگاتە (6794) دۆنم و بە ڕێژەی لە (49،1٪) ی ڕووبەری چێنراوی باخداری پارێزگاکە دەکات، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم ناحیەیە نزیکە لە سەنتەری پارێزگاو بازاڕی پارێزگاکەوە بەمەش جوتیاران دەتوانن بە ئاسانی پێداویستیەکانی کشتوکاڵ بەدەست بێنن و بەروبومەکانیان لە بازاڕدا ساغ بکەنەوە سەرەڕای بوونی زەوی تەخت لەم ناحیەیەدا کە بە ئاسانی ئامێرەکانی کشتوکاڵی تێدا بەکاردەهێنرێت، بە پێچەوانەی ناحیەی بیارە کە ڕووی زەویەکەی بەرزی و نزمی هەیە،

هەروەها بوونی سەرچاوەی ئاوی زۆر وەك كانی و بیرەكان كە زۆربێك لەو باخە میوانە بیری تایەتیان هەیە، پاشان ناحیەی بیارە بە پلەی دووەم دێت كە رووبەرەكەی دەگاتە (3608،5) دۆنم و بە رێژەی لە (26،1٪) رووبەری باخداری پارێزگاكە پێدێنێت، هۆكاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە ئەم ناحیەیە رووی زەویەكانی لێژن و بۆ بەروبومی باخداری و میوەجات گونجاوە، هەروەها ئەو بەشەی تری رووی زەویەكەی تەختە یان لێژی كەمە زەوی دەیمەو بە بەروبومی زستانە دەچێنرێت، وە ناحیەی خورماڵ بە پلەی سێیەم دێت و رووبەری باخداری تێیدا دەگاتە (3375،5) دۆنم و رێژەی لە (24،4٪) ی رووبەری باخداری پارێزگا پێكدێنێت، هۆكارەكەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە ئەم ناحیەیە بە هۆی بوونی سەرچاوەی ئاوی زۆرەوە بە تایبەتی هەردوو سەرچاوەی ئاوی زەڵم و ڕیشێن و تەختی رووی زەویەكەی و بوونی پرۆژەی ئاودێری و بەپیتی خاكەكەی بە بەروبوومی سەوزەوات و كێڵگەیی دەچێنرێت، پاشان ناحیەی بەمۆ كەمترین رووبەری باخداری پارێزگاكە پێك دێنێت و بە پلەی چوارەم دێت كە رووبەرەكەی دەگاتە (60) دۆنم و بە رێژەی (0،4٪) رووبەری باخداری پێكدێنێت، كەمی ئەم رووبەرەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە ئەم ناحیەیە ناوچەیەكی شاخاویە وە رووبەری زەوی كشتوكاڵی كەمە بە زیاتر بە بەروبومی زستانە دەچێنرێت.

**خشتەی (10)**

**رووبەری چێنراو/دۆنم بەروبومی باخداری بە پێی ناحیەكانی پارێزگای هەڵەبجە بۆ ساڵی 2023**

| یەكە كارگێڕیەكان | رووبەری چێنراو/ دۆنم | رێژە٪ |
|---|---|---|
| ناوەند+ ناحیەی سیروان | 6794 | 49،1 |
| ناحیەی خورماڵ | 3375،5 | 24،4 |
| ناحیەی بیارە | 3608،5 | 26،1 |
| ناحیەی بەمۆ | 60 | 0،4 |
| كۆی گشتی | 13838 | ٪100 |

**سەرچاوە: كاری توێژەر پشت بەست بە: حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی كشتوكاڵی هەڵەبجە، بەشی پلان دانان و بە دواداچون، 2023، داتای بڵاونەكراوە.**

بۆ روونكردنەوەی زیاتری جیاوازی دابەشبوونی بەروبوومی باخداری و میوەجات بە پێی ناحیەكان باس لە هەر یەك لە جۆرەكانی بەرومەكان لە ناوچەی توێژینەوە دەكەین لە رووی رووبەری چێنراو و بری بەرهەم كە پێك هاتوون لەمانەی خوارەوە:

**1- هەنار:** هەنار یەكێكە لە میوە درەختیەكان كە رەنگی دەنكەكانی سور یان سپی یان لە نێوان ئەو دوو رەنگەدایە و رەنگی پێستەكەی سپی یان رەش یان زەردە و باشترین و گونجاوترین كەش و هەوا بۆ گەشەی هەنار ناوچە گەرم و نیمچە گەرمەكانە، ئەو ناوچانەی پلەی گەرمیان دەگاتە (40) پلەی سەدی باشترین ناوچەی بەرهەمهێنانی هەنارن، هەنار توانای گەشەكردنی هەیە لە زۆربەی خاكە جیاوازەكاندا، بەڵام باشترین خاك خاكی نیشتوو یان خاكە سوكەكانە واتە ئەو خاكانەی كە توانای گلدانەوەی ئاو و مادە خۆراكیەكانی هەیە (سلیمان، 2023، ل4-7)، وە بەیەكێك لە كۆنترین میوەكان دادەنرێت و لە پەرتوكە ئاسمانیەكانیشدا هاتووە وەك قورئانی پیرۆز، بە میوەیەكی خۆراكی گرنگ دادەنرێت، چونكە دەوڵەمەندە بەڤیتامینەكان لەوانە ڤیتامین سی و خوێی كانزایی و كاربۆهیدرات و شەكر و ترش و ریشاڵ و پرۆتین، وە هەروەها سودی پزیشكیشی هەیە (العزی، 2017و ص122-123)، پێویستی بە ماوەیەكی زۆر هەیە بۆ پێگەیشتنی كە بەگشتی ماوەی (120-160) رۆژ دەخایەنێت لە دەست پێكردنی گوڵكردنەوە تا پێگەشتنی بەرهەمەكەی، ناوچەی توێژینەوە ناوچەیەكی گونجاو و لەبارە بۆ بەرهەمهێنانی هەنار لە هەرێمی كوردستان لە رووی زۆری رووبەری چێنراو هەروەها لە رووی باشترین جۆری هەنارەوە، وە بە سەرچاوەیەكی گرنگ و سەرەكی داهاتی جوتیارانی ناوچەكە دادەنرێت، چونكە سەرەڕای دابینكردنی بۆ بازاڕی ناوچەكە بەرهەمەكەی دەنێردرێت بۆ بازاڕی شارەكانی تری هەرێمی كوردستان و بەشەكانی تری عێراق و تەنانەت بۆ دەرەوەی عێراقیش، هەنار بە پلەی یەكەم دێت لە رووی رووبەری چێنراوەوە لە ناوچەی توێژینەوەدا كە رووبەرەكەی دەگاتە (10623) دۆنم كە رێژەی لە (76،8٪) ی رووبەری باخداری پێكدێنێت، وە جیاوازی هەیە لە رووی رووبەری چێنراوەوە لە نێوان ناحیەكان دا، هۆكاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هۆكارە سروشتیەكان لە ئاووهەوا و خاك و سەرچاوەی ئاو و هەروەها هۆكارە مرۆیەكان وەك بوونی رێگای هاتوچۆ و نزیكی لە بازاڕ و شارەزایی جوتیار، سەبارەت بە دابەشبوونی رێژەیی رووبەری هەنار بە پێی ناحیەكان هەروەك لە خشتەی (11) دەردەكەوێت، ناحیەی سیروان بە پلەی یەكەم دێت كە ڕوبەری دەگاتە (6132) دۆنم بە رێژەی (57،7٪) رووبەری چێنراوی هەناری پارێزگا، بڕی بەرهەمی دەگاتە (20235،6) تەن و بەرێژەی لە (57،7٪) كۆی بەرهەمی هەناری پارێزگا پێدێنێت، بەهۆی فراوانی رووبەرەكەی كە بەشێكی دەشتی شارەزوور دەكەوێتە ئەم ناحیەیەوە كە رووی زەویەكەی لێژی كەمەو بەكارهێنانی ئامێرە كشتوكاڵیەكان تیایدا ئاسانە و بوونی خاكی بەپیت و سەرچاوەی ئاوی بە تایبەتی كانی و بیرەكان و بوونی شارەزایی جوتیارانی ناوچەكە لە بەرهەمهێنانی ئەم بەروبومە و بوونی رێگای گواستنەوەی باش بۆ شارەكانی تر، هەموو ئەمانە ئەو هۆكارانەن كە دەبنە هۆی جیاوازی لە نێوان ناحیەكانی ئەم پارێزگایە، پاشان ناحیەی خورماڵ بە پلەی دووەم دێت لە رووبەری چێنراوی هەنار و دەگاتە (3065) دۆنم و بە رێژەی (28،9٪) رووبەری هەنار لە پارێزگا و بڕی بەرهەمەكەشی (10114،4) دۆنم و بە رێژەی لە (28،9٪) بەرهەمی هەناری پارێزگا، هۆكاری ئەمەش بوونی بەشێكی دەشتی شارەزوور لەم ناحیەیە كە زەوی تەخت و خاكی بە پیت و بوونی سەرچاوەی ئاوی و پرۆژەی ئاودێریە، ناحیەی بیارە بە پلەی سێیەم دیت كە رووبەرەكەی دەگاتە (1403) دۆنم و بە رێژەی (13،2٪) رووبەری هەناری پارێزگا پێك دێنێت و بری بەرخەمەكەی (46،29) تەنە و بە رێژەی (13،2٪) بەرهەمی هەناری پارێزگایە، هۆكارەكەی ئەوەیە كە رووی زەوی ئەم ناحیەیە بەرزی و نزمی زۆرەو زیاتر بە بەروبومەكانی وەك گوێز و ترێی دەیم چێنراون، ناحیەی بەمۆش بە پلەی چوارەم دێت كە رووبەرەكەی دەگاتە (23) دۆنم و بە رێژەی (0،2٪) رووبەری هەناری پارێزگا پێكدێنێت و بری بەرهەمەكەی (75،9) تەنەو رێژەی (0،2٪) بەرهەمی هەناری پارێزگایە، هۆكارەكەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە ئەم ناحیەیە زەوی بەراوی زۆر كەمە، چونكە ناوچەیەكی شاخاویە و بە بەروبومی زستانە دەچێنرێت هەروەك لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا.

**خشتەی(11)**

**ڕووبەری چێنراوی هەنار دۆنم و بەرهەم/ تەن لە ناحیەکانی پارێزگای هەڵەبجە بۆ ساڵی 2023**

| یەکە کارگێڕیەکان | ڕووبەری چێنراو/ دۆنم | ڕێژە٪ | بڕی بەرهەم | ڕێژە٪ | بڕشت دۆنم/کگم |
|---|---|---|---|---|---|
| ناوەند+ سیروان | 6132 | 57،7 | 20235،6 | 57،7 | 3300 |
| ناحیەی | 3065 | 28،9 | 10114،5 | 28،9 | 3300 |
| بیارە | 1403 | 13،2 | 4629 | 13،2 | 3300 |
| بەمۆ | 23 | 0،2 | 75،9 | 0،2 | 3300 |
| کۆی گشتی | 10623 | ٪100 | 35055 | ٪100 | 3300 |

**سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەڵەبجە، بەشی پلان دانان و بە دواداچون، 2023، داتای بڵاونەکراوە.**

**2- ترێ (مێو):** بەناوبانگترین میوەی هاوینەیە و زۆرترین بەکارهێنەی هەیە بەهۆی گرنگی بەهای خۆراکی لە ڕووی تەندروستیەوە، بە دوو شێوە دەچێنرێت بە شێوەی دەیم لە قەدپاڵی چیاو گردەکان و پێویستی بە ئاو نیە، هەروەها جۆری دووەم بە شێوەی بەراو ئەمەش پێویستی بە ئاودێری هەیە، پلەی(21- 38) گەرمی نمونەیە بۆ ترێ (التميمي، 2002،ص.52)، لە ناوچەی توێژینەوەدا پلەی دووەم وەردەگرێت لە ڕووی ڕووبەرەوە کە دەگاتە (1506) دۆنم و بە ڕێژەی (10،9٪) ڕووبەری باخداری پارێزگا پێکدێنێت و بڕی بەرهەمی دەگاتە (3012) تەن، ئەمەش بۆ لێژی ڕووی زەوی و لاپاڵی چیا و ئەستوری خاکی و ڕێژەی شێی گونجا دەگەڕێتەوە لە ناوچەی توێژینەوەدا، بەشێوەیەکی جیاواز دابەشبووە لە نێوان ناحیەکانی ئەم پارێزگایەدا وەك لە خشتەی (12) دەردەکەوێت دابەشبوونی ڕێژەیی ترێ، ناحیەی بیارە بە پلەی یەکەم دێت کە ڕووبەری دەگاتە (1391) دۆنم و بە ڕێژەی (92،4٪) و بڕی بەرهەمیشی (2782) تەن و بەڕێژەی (92،4٪) بەرهەمی ترێی پارێزگا، ئەوەی ئەم جیاوازیەی زۆرەی دروست کردووە لە نێوان ئەم ناحیەو ناحیەکانی تری پارێزگاکەدا بوونی زۆری لاپاڵی چیا و لێژی زەوی گونجاو بۆ داری مێو و ئاووهەوای شێدار و کەمی ڕووبەری دەشتایی و هەروەها شارەزایی جوتیار، پاشان ناحیەی سیروان بە پلەی دووەم دێت کە ڕووبەرەکەی دەگاتە (73) دۆنم و بە ڕێژەی (4،8٪) ی ڕووبەری ترێی پارێزگاکەیە و بەرهەمی دەگاتە (146) تەن و بە ڕێژەی (4،8٪) بەرهەمی ترێی پارێزگایە و ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ناحیەکە گونجاوە بۆ بەرهەمهێنانی ترێ چ لە ڕووی ڕووبەری دەشتایی بێت کە لە نێو باخەکاندا لەگەڵ بەروبومەکانی تر دەچێنرێت و پێویستی بە ئاودێری دەبێت چ لە بەرزایەکان و لاپاڵی چیاکانی ئەم ناوچەیە دەچینرێت بە شێوەی دەیم، سەرەڕای شارەزایی جوتیار لەم ناحیەیەدا، پاشان ناحیەی خورماڵ بە پلەی سێیەم دێت لە ڕووبەری چێنراوی ترێ کە دەگاتە (28) دۆنم و بە ڕێژەی (1،9٪) ڕووبەری چێنراوی ترێی پارێزگایە، بڕی بەرهەمی دەگاتە (56) تەن و بەڕێژەی (1،9٪) کۆی بەرهەمی ترێی پارێزگا، هۆکاری کەمی ڕووبەری چێنراو لەم ناحیەدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕووبەری دەشتایی و سەرچاوەی ئاوی زۆرەو زیاتر بە بەروبومی سەوزەوات و بەروبومە هاوینەیەکانی تر دەچێنرێت، سەرەڕای کەمی لاپاڵی چیا کە گونجاو بێت بۆ ترێ، ناحیەی بەمۆ بە پلەی چوارەم دێت کە ڕووبەری چێنراو بە ترێ دەگاتە (14) دۆنم و بە ڕێژەی (0،9٪) ڕووبەری چێنراوی ترێی پارێزگا دەکات و بڕی بەرهەمی دەگاتە (28) تەن بە ڕێژەی (0،9٪) ی بەرهەمی ترێی پارێزگا دەکات، کەمی ڕووبەری ترێ لەم ناحیەیەدا دەگەڕێتەوە بۆ کەمی دەستی کار و کەمی شارەزایی جوتیار و دووری ئەم ناحیەیە لە بازاڕی پارێزگا کە تێچونی گواستنەوەی زۆری دەوێت.

**خشتەی (12)**

**ڕووبەری چێنراوی ترێ دۆنم و بڕی بەرهەم/ تەن لە ناحیەکانی پارێزگای هەڵەبجە بۆ ساڵی 2023**

| یەکە کارگێڕیەکان | ڕووبەری چێنراو/ دۆنم | ڕێژە٪ | بڕی بەرهەم | ڕێژە٪ | بڕشت دۆنم/کگم |
|---|---|---|---|---|---|
| ناوەند+ سیروان | 73 | 4.8 | 146 | 4.8 | 2000 |
| ناحیەی خورماڵ | 28 | 1،9 | 56 | 1،9 | 2000 |
| ناحیەی بیارە | 1391 | 92،4 | 2782 | 92،4 | 2000 |
| ناحیەی بەمۆ | 14 | 0،9 | 28 | 0،9 | 2000 |
| کۆی گشتی | 1506 | ٪100 | 3012 | ٪100 | 2000 |

**سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەڵەبجە، بەشی پلان دانان و بە دواداچون، 2023، داتای بڵاونەکراوە.**

**3- گوێز:** یەکێکە لەو درەختانەی کە جۆری خاك کاریگەریەکی ئەوتۆی لەسەری نیە و بەروبومی لە مانگی ئەیلولەوە دەست پێدەکات و تا مانگی تشرینی دووەم دەخایەنێت، ڕووبەری داری گوێز لە ناوچەی توێژینەوەدا بە پلەی سێیەم دێت و دەگاتە (734) دۆنم و بە ڕێژەی (5،3٪) ڕووبەری باخداری و بڕی بەرهەمی دەگاتە (1027) تەن، بە شێوەیەکی جیاواز دابەش بووە بەسەر ناحیەکانی پارێزگاکەدا، سەبارەت بە دابەشبوونی ڕێژەیی لە نێوان ناحیەکانی پارێزگاکەدا لە خشتەی (13) دەردەکەوێت کە ناحیەی بیارە بە پلەی یەکەم دێت لە ڕووی داگیرکردنی ڕووبەری دارگوێزەوە کە دەگاتە (683) دۆنم و بە ڕێژەی (92،9٪) ڕووبەری داری گوێز لە پارێزگاکەدا پێك دێنێت و بڕی بەرهەمی دەگاتە (954،8) تەن و بەڕێژەی (92،9٪) بەرهەمەکەشی پێکدێنێت، بەهۆی بوونی ئاووهەوای گونجاو و لێژی زەویەکانی کە دەکەونە نێوان چیا و دۆڵەکانەوە و تەنها بۆ داری گوێز گونجاون، سەرەڕای بوونی شارەزای جوتیار لە پەروەردەکردنی، ئەمانە هۆکاری ئەوەن کە ئەم ناحیەیە جیاوازی هەبێت لەگەڵ ناحیەکانی تری پارێزگاکە، پاشان ناحیەی خورماڵ بە پلەی دووەم دێت لە ڕووی ڕووبەری لە ناوچەی توێژینەوە کە ڕووبەرەکەی دەگاتە (33) دۆنم و بە ڕێژەی (4،5٪) ی ڕووبەری پارێزگا دەکات لە چێنراو بە داری گوێز و بڕی بەرهەمیشی (46،2) تەن دەکات، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕووبەری ئەو زەویانەی کە بۆ دار گوێز گونجاوە زۆر کەمە و زەویەکانی زیاتر تەختەو بە بەروبوومی سەوزەوات و هەنار دەچێنرێت، هەروەها کەمی شارەزایی جوتیار، پاشان ناحیەی سیروان بە پلەی سێیەم دێت کە ڕووبەری دەگاتە (19) دۆنم و بە ڕێژەی لە (2،6٪) ڕووبەری چێنراوی دارگوێزی پارێزگا دەکات و بڕی بەرهەمەکەشی دەگاتە (26) تەن، هۆکاری سەرەکی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم ناحیەیە ئاووهەوای گونجاو نیە بۆ داری گوێز، هەروەها کەمی شارەزایی جوتیاری ئەم ناحیەیە لە بە رهەمهێنانی داری گوێز، ناحیەی بەمۆ هیچ ڕووبەرێك بە داری گوێز نەچێنراوە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم ناحیەیە ڕووبەری زەوی بەراوی زۆر کەمەو ئەوەش دەچێنرێت بە بەروبومەکانی ترە وەك هەنار و ترێ و هەنیر و زەیتون.

**خشەی (13)**
**ڕووبەری چێنراوی گوێز/ دۆنم و بڕی بەرهەم/ تەن**
**لە ناحیەکانی پارێزگای هەڵەبجە بۆ ساڵی 2023**

| یەکە کارگێڕییەکان | ڕووبەری چێنراو / دۆنم | ڕێژە٪ | بڕی بەرهەم | ڕێژە٪ | بڕشت دۆنم/کگم |
|---|---|---|---|---|---|
| ناوەند+ سیروان | 19 | 2،6 | 26 | 2،6 | 1400 |
| ناحیەی خورماڵ | 33 | 4،5 | 46،2 | 4،5 | 1400 |
| ناحیەی بیارە | 682 | 92،9 | 954،8 | 92،9 | 1400 |
| ناحیەی بەمۆ | - | - | - | - | - |
| کۆی گشتی | 734 | ٪100 | 1027 | ٪100 | 1400 |

**سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەڵەبجە، بەشی پلان دانان و بە دواداچون، 2023، داتای بڵاونەکراوە.**

**4- زەیتون:** درەختێکی هەمیشە سەوزی بەرداری گرنگەو لەناو درەختە میوەکاندا درێژترین تەمەنی هەیە، ئەم درەختە زیاتر لە درەختەکانی تر بەرگەی سەرما دەگرێت و لەگەڵ ئەوەشدا پێویستی بە پلەی گەرمی بەرز هەیە و ساڵانە پێویستی بە (400-600) کاتژمێر سەرما هەیە لە وەرزی زستاندا، نزمترین پلەی گەرمی گونجاویش بۆی (110)°س پلەی گەرمی نمونەیش بۆ گەشەکردنی (16- 25)°س (خطیب، 2008، ص39-41)، ڕووبەری چێنراوی زەیتون لە ناوچەی توێژینەوەدا بە پلەی چوارەم دێت لە نێو بەروبومی باخداری کە دەگاتە (539) دۆنم و بە ڕێژەی (3،8٪) ی ڕووبەری باخداری پارێزگا، جیاوازی زۆریش بەدی دەکرێت لە نێوان ناحیەکاندا لە ڕووی دابەشبوونی ڕووبەری چێنراو، سەبارەت بە دابەشبونی ڕێژەیی ڕووبەری چێنراو لە ناحیەکانی پارێزگادا وەك لە خشتەی (14) دیارە، ناحیەی سیروان بە پلەی یەکەم دێت و ڕووبەری چێنراوی دەگاتە (386) دۆنم و بە ڕێژەی (71،6٪) و بڕی بەرهەمی دەگاتە (521،1) تەن و بە ڕێژەی (71،6٪) بەرهەمی زەیتونی پارێزگا پێکدێنێت، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم ناحیەیە نزیکە لە بازاڕ، چونکە گواستنەوە و تێچونی کەمترە لە لایەکی تریش بە هۆی نزیکی کارگەی ڕاسان کە کارگەیەکی پیشەسازیە و تایبەتە بە دەرهێنانی ڕۆن لە زەیتون هەروەها بوونی شارەزایی جوتیار لەم ناحیەیەدا، پاشان ناحیەی خورماڵ بە پلەی دووەم دێت کە ڕووبەری دەگاتە چێنراوی دەگاتە (123) دۆنم و بە ڕێژەی (22،8٪) ڕووبەری چێنراوی زەیتونی پارێزگا، بڕی بەرهەمی دەگاتە (166) تەن و بە ڕێژەی (22،8٪) ی بەرهەمی زەیتونی پارێزگا، ئەمەش هۆکاری بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم ناحیەیەش تا ڕادەیەك نزیکە لە ڕووی گواستنەوەی بۆ بازاڕ و وە کارگەی ڕۆنی ڕاسان هەمیش بۆ دابینکردنی دەستی کار بۆی، کە ئەمانە کاریگەری هەیە لەسەر کەمبونەوەی بڕی تێچون، ناحیەی بیارە بە پلەی سێیەم دێت کە ڕووبەری چێنراوی دەگاتە (21) دۆنم بە ڕێژەی (3،9٪) ی ڕووبەری زەیتونی پارێزگا، بڕی بەرهەمی دەگاتە (28،3) تەن و بە ڕێژەی (3،9٪) بەرهەمی زەیتونی پارێزگا، هۆکاری ئەم کەمیەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە جوتیارانی ناحیەکە زیاتر گرنگی بە بەروبوومی میوەکانی تر دەدەن، جگە لەوەش بەرهەمەکە لە بازاڕدا بۆ جوتیار سودێکی ئەوتۆی نیە لەبەر کەمی نرخەکەی، ناحیەی بەمۆ بە پلەی چوارەم دێت لەسەر ئاستی پارێزگا و ڕووبەری چێنراوی دەگاتە (9) دۆنم و بە ڕێژەی (1،7٪) پارێزگا، بەهۆی کەمی شارەزایی جوتیار و دووری ئەم ناحیەیە بازاڕی پارێزگا و دووری لە کارگەی ڕاسان کە زیاتر بەرهەمی زەیتون لە ناوچەی توێژینەوەدا لەم کارگەیەدا بەکاردەهێنرێت بە مەبەستی ڕۆنەکەی.

**خشتەی (14)**
**ڕووبەری چێنراوی زەیتون/ دۆنم و بڕی بەرهەم/ تەن**
**لە ناحیەکانی پارێزگای هەڵەبجە بۆ ساڵی 2023**

| یەکە کارگێڕییەکان | ڕووبەری چێنراو/ دۆنم | ڕێژە٪ | بڕی بەرهەم | ڕێژە٪ | بڕشت دۆنم/کگم |
|---|---|---|---|---|---|
| ناوەند+ سیروان | 386 | 71،6 | 521،1 | 71،6 | 1350 |
| ناحیەی خورماڵ | 123 | 22،8 | 166 | 22،8 | 1350 |
| ناحیەی بیارە | 21 | 3،9 | 28،3 | 3،9 | 1350 |
| ناحیەی بەمۆ | 9 | 1،7 | 12،2 | 1،7 | 1350 |
| کۆی گشتی | 539 | ٪100 | 727،6 | ٪100 | 1350 |

**سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:**
**حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەڵەبجە، بەشی پلان دانان و بە دواداچون، 2023، داتای بڵاونەکراوە.**

**5- هەنجیر:** یەکێکە لە کۆنترین و بەناوبانگترین ئەو میوانەی کە مرۆڤ هەر لە کۆنەوە ئاشنای بووە و وەك خۆراکێکی بەسود بەکاری هێناوە، پلەی گەرمی نمونەیی بۆ هەنجیر(39)° وە توانای بەرگەگرتنی تا (50)° هەیە، بەڵام کاریگەری هەیە لەسەر کوالێتی بەرهەمەکەی (الزملي، 2023، ص.58)، کۆی ڕووبەری چێنراوی لە ناوچەی توێژینەوەدا دەگاتە (259) دۆنم و بە ڕێژەی (1،9٪) ڕووبەری باخداری پێکدێنێت و بڕی بەرهەمی دەگاتە (349،6) تەن بە شێوەیەکی جیاواز دابەش بووە، ئەگەر سەیری خشتەی (15) بکەین دابەشبوونی ڕێژەیی ڕووبەر و بڕی بەرهەمی هەنجیرمان بۆ دەردەکەوێت لە ناوچەی توێژینەوەدا، ناحیەی سیروان پلەی یەکەمی گرتووە کە ڕووبەری دەگاتە (97) دۆنم و بە ڕێژەی (37،5٪) ی پارێزگا داگیر دەکات و بڕی بەرهەمی دەگاتە (131) تەن و بە ڕێژەی (37،5٪) ی بەرهەمی هەنجیری پارێزگا دەکات، هۆکارەکەی بوونی سەرچاوەی ئاوی و خاکی بەپیت و گونجاو و نزیکی ئەم ناحیەیە لە ڕێگاکانی هاتوچۆ و بازاڕەوە کە سەرچاوەی سەرەکی بەکارهێنانی بەرهەمی هەنجیرە، ناحیەی خورماڵ بە پلەی دووەم دێت کە ڕووبەری چێنراوی هەنجیری دەگاتە (85) دۆنم و بە ڕێژەی (32،8٪) ی کۆی پارێزگا پێکدێنێت و بڕی بەرهەمی دەگاتە (114،6) تەن و بە ڕێژەی (32،8٪) ی بەرهەمی هەنجیری پارێزگا دەکات، بوونی ئەم ڕووبەرە لە هەنجیر لەم ناحیەیەدا دەگەڕێتەوە بۆ بوونی سەرچاوەی ئاوی زۆر و دەشتی بەپیت و گونجاو و نزیکی ڕێگای گواستنەوە بۆ بازاڕی پارێزگای سلێمانی و قەزاکانی، پاشان ناحیەی بیارە بە پلەی سێیەم دێت، ڕووبەری چێنراوی دەگاتە (63) دۆنم و بە ڕێژەی (24،3٪) ڕووبەری چێنراوی هەنجیری پارێزگایە و بڕی بەرهەمی (85) تەن و بە ڕێژەی (24،3٪) کۆی بەرهەمی هەنجیری پارێزگا پێکدێنێت، ئەم ناحیەیەش لە ڕووی خاکی بە پیت و بوونی ڕێگای هاتوچۆوە گونجاوە بۆ بەرهەمهێنانی هەنجیر، پاشان ناحیەی بەمۆ بە پلەی چوارەم دێت و ڕووبەری (14) دۆنم و بە ڕێژەی (5،4٪) ی ڕووبەری پارێزگا پێکدێنێت و بڕی بەرهەمی دەگاتە (19) تەن و بەرێژەی (5،4٪) ی بەرهەمی پارێزگایە، کەمی ئەم ڕووبەرەش لەم ناحیەیەدا دەگەڕێتەوە بۆ کەمی سەرچاوەی ئاو و کەمی ڕووبەری زەوی بەراو و دووری لە بازاڕی پارێزگاوە.

**خشتەی (15)**

**ڕووبەری چێنراوی هەنجیر/ دۆنم و بڕی بەرهەم/ تەن**
**لە ناحیەکانی پارێزگای هەڵەبجە بۆ ساڵی 2023**

| یەکە کارگێڕیەکان | ڕووبەری چێنراو/ دۆنم | ڕێژە٪ | بڕی بەرهەم | ڕێژە٪ | بڕشت دۆنم/کگم |
|---|---|---|---|---|---|
| ناوەند+ سیروان | 97 | 37،5 | 131 | 37،5 | 1350 |
| ناحیەی خورماڵ | 85 | 32،8 | 114،6 | 32،8 | 1350 |
| ناحیەی بیارە | 63 | 24،3 | 85 | 24،3 | 1350 |
| ناحیەی بەمۆ | 14 | 5،4 | 19 | 5،4 | 1350 |
| کۆی گشتی | 259 | ٪100 | 349،6 | ٪100 | 1350 |

**سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:**
**حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزاەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەڵەبجە، بەشی پلان دانان و بە دواداچون، 2023، داتای بڵاونەکراوە.**

**6- فستق:** بەروبومێکی نوێیە سەبارەت بە چاندنی لە ناوچەی توێژینەوەدا، ڕووبەری چێنراوی فستق لە ناوچەی توێژینەوەدا دەگاتە (40) دۆنم و ڕێژەی (٪0،3) ڕووبەری پارێزگا پێك دێنێت، بڕی بەرهەمی دەگاتە (7) تەن، بە شێوەیەکی جیاواز دابەش بووە لە نێوان ناحیەکانی پارێزگاکەدا، سەبارەت بە دابەشبوونی ڕێژەیی لە سەر ئاستی ناحیەکانی پارێزگاکەدا وەك لە خشتەی (16) دەردەکەوێت، ناحیەی سیروان پلەی یەکەمی هەیە کە ڕووبەرەکەی دەگاتە (32) دۆنم و بە ڕێژەی (٪80) ڕووبەری پارێزگا پێکدێنێت و بڕی بەرهەمی دەگاتە (5،6) تەن و بە ڕێژەی (٪80) ی بەرهەمی فستقی پارێزگایە، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم ناحیەیە سەرچاوەی ئاوی زۆرە بە تایبەتی بیر و هەروەها بوونی شارەزایی جوتیار لەم ناحیەیەدا لە پەروەردەکردن و بەرهەمهێنانی فسق، لەبەر ئەوەی بەروبومێکی نوێیە لە ناوچەکەدا بۆیە پێویستی بە شارەزایی تایبەتی جوتیار هەیە، پاشان ناحیەی خورماڵ بە پلەی دووەم دیت کە ڕووبەری دەگاتە (8) دۆنم و بە ڕێژەی (٪20) ی ڕووبەری فستقی پارێزگایە، کەمی ڕووبەری چێنراو لەم ناحیەیەشدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زەوی ئەم ناحیەیە بۆ بەروبوومەکانی تری هاوینە گونجاوە و سودی زیاترە بۆ جوتیار، سەرەڕایی نەبونی شارەزای جوتیار لەبەرهەمهێنانی ئەم بەروبومە، بەڵام لە هەردوو ناحیەی بیارە و بەمۆ فسق ناچێنرێت، لەبەر نەبوونی شارەزایی جوتیار، چونکە چاندنی فستق لە ناوچەکەدا نوێیەو پێویستی بە شارەزایی هەیە سەرەڕای گرنگی دانی جوتیارانی هەردوو ناحیەکە بە بەرومەکانی تر.

**خشتەی (16)**

**ڕووبەری چێنراوی فستق/ دۆنم و بڕی بەرهەم/ تەن**
**لە ناحیەکانی پارێزگای هەڵەبجە بۆ ساڵی 2023**

| یەکە کارگێڕیەکان | ڕووبەری چێنراو/ دۆنم | ڕێژە٪ | بڕی بەرهەم | ڕێژە٪ | بڕشت دۆنم/کگم |
|---|---|---|---|---|---|
| ناوەند+ سیروان | 32 | 80 | 5،6 | 80 | 175 |
| ناحیەی خورماڵ | 8 | 20 | 1،4 | 40 | 175 |
| ناحیەی بیارە | - | - | - | - | - |
| ناحیەی بەمۆ | - | - | - | - | - |
| کۆی گشتی | 40 | ٪100 | 7 | ٪100 | 175 |

**سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:**
**حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزاەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەڵەبجە، بەشی پلان دانان و بە دواداچون، 2023، داتای بڵاونەکراوە.**

**7- بەروبومەکانی تر:** پێکدێن لە کۆمەڵێك بەروبوم وەك (قەیسی و قۆخ و هەڵوژە و هەرمێ و سێو) لەناو درەختە میوەکاندا کورتترین تەمەنیان هەیە، کۆی ڕووبەریان لە ناوچەی توێژینەوەدا دەگاتە (137) دۆنم و بەڕێژەی (٪1) ڕووبەری پارێزگا پێکدێنێت و بە شێوەیەکی جیاواز دابەش بوون بەسەر ناحیەکانی پارێزگاکەدا و لە ناحیەیەك ڕووبەری چێنراوی زۆرە لە ناحیەیەکی تر کەمە یان هەر نیە، سەبارەت بە دابەشبوونی ڕێژەیی ڕووبەری چێنراو هەر وەك لە خشتەی (17) دەردەکەوێت جیاوازی بەدی دەکەین لە نێوان ناحیەکانی پارێزگاکەدا، ناحیەی سیروان بە پلەی یەکەم دێت کە ڕووبەری چێنراوی دەگاتە (66) دۆنم و بە ڕێژەی (٪48،2) ی ڕووبەری پارێزگا دێت، بڕی بەرهەمی دەگاتە (132) تەن و بە ڕێژەی (٪48،2) ی بەرهەمی پارێزگا، هۆکاری ئەم ڕووبەرەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم ناحیەیە سەرچاوەی ئاوی زۆرە و خاکی بەپیتە و نزیکی ئەم ناحیەیە لە بازاڕ و بوونی ڕێگای هاتوچۆ بۆ بازاڕی پارێزگای هەڵەبجەو بۆ پارێزگای سلێمانیش، چونکە ئەم بەروبومە بەرگەی ڕێگای هاتوچۆی دور ناگرێت و زوو خراپ دەبێت، سەرەڕای شارەزایی جوتیار لەم ناحیەیەدا، پاشان ناحیەی خورماڵ بە پلەی دووەم دێت و ڕووبەری چێنراوی دەگاتە (39،5) دۆنم و بە ڕێژەی (٪28،8) ڕووبەری ئەم بەروبومانەی پارێزگا، بڕی بەرهەمی دەگاتە (79) تەن و بە ڕێژەی (٪28،8) بەروبومی پارێزگا، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نزیکی ئەم ناحیەیە لە بازاڕ و بوونی ڕێگای هاتوچۆی گونجاو و سەرچاوەی ئاوی جۆراو جۆر و شارەزای جوتیار، ناحیەی بیارە بە پلەی سێیەم دێت کە ڕووبەری دەگاتە (31،5) دۆنم و بە ڕێژەی (٪23) ڕووبەری چێنراوی ئەم بەروبومانە داگیر دەکات، بڕی بەرهەمی دەگاتە (63) تەن و بەڕێژەی (٪23) بەرهەمی پارێزگا پێکدێنێت، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کەمی ڕووبەر و کەمی سەرچاوەی ئاو، هەروەها ڕووی زەویەکەی لێژی زۆرترە و دورە لە بازاڕەوە بەراورد بە دوو ناحیەکەی تر، پاشان ناحیەی بەمۆ دێت و هیچ ڕووبەرێك لەم ناحیەیەدا نەچێنراوە بەم بەروبومانە هۆکارەکەش ئەوەیە ئەم ناحیەیە زۆر دورە لە بازاڕی پارێزگاو ناوچەکانی تر و هەروەها زەوی بەراوی کەمە و ئەو ڕووبەرەش کە چێنراوە بەروبومەکانی باخداری ترە لە زەیتون و هەنار و هەنجیر.

**خشتەی (17)**

**ڕووبەری چێنراوی بەروبومەکانی تر/ دۆنم و بڕی بەرهەم/ تەن**
**لە ناحیەکانی پارێزگای هەڵەبجە بۆ ساڵی 2023**

| یەکە کارگێڕیەکان | ڕووبەری چێنراو/ دۆنم | ڕێژە٪ | بڕی بەرهەم | ڕێژە٪ | بڕشت دۆنم/کگم |
|---|---|---|---|---|---|
| ناوەند+ سیروان | 66 | 48،2 | 132 | 48،2 | 2000 |
| ناحیەی خورماڵ | 39،5 | 28،8 | 79 | 28،8 | 2000 |
| ناحیەی بیارە | 31،5 | 23 | 63 | 23 | - |
| ناحیەی بەمۆ | - | - | - | - | - |
| کۆی گشتی | 137 | ٪100 | 274 | ٪100 | 2000 |

**سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزاەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەڵەبجە، بەشی پلان دانان و بە دواداچون، 2023، داتای بڵاونەکراوە.**

## دەرئەنجامەکان

1- بەروبومە کشتوکاڵیە هاوینەیەکان بە شێوەیەکی جیاواز دابەش بوون بەسەر ناحیەکانی ناوچەی توێژینەوەدا و جیاوازی زۆر بەدی دەکرێت لە رووی رووبەری چێنراو و بەرهەمهێنانەوە لە نێوان ناحیەکان، بە جۆرێك ناحیەی سیروان زۆرترین رووبەری چێنراوی هەیە کە (8464) دۆنم و (42٪) لە رووبەری چێنراو ناحیەی بەمۆش کەمترین رووبەر کە (60) دۆنمە.

2- نەبونی بازاڕ و کێبڕکێیی بەرهەمی کشتوکاڵی دەرەکی و زۆری تێچونی بەرهەمهێنان و ساغ نەبونەوەی بەرهەم لە هۆکارە گرنگەکانی جیاوازی رووبەری چێنرا و بڕی بەرهەمن لە ناوچەی توێژینەوەدا.

3- کەمترین رووبەری چێنراوی ناوچەی توێژینەوە بەروبومە کێڵگەیەکانە وەك (پیشەسازیەکان و دانەوێڵەیەکا و پاقلەیەکان) بەراود بە سەوزەوات و باخداری.

4- هۆکارە سروشتی و مرۆیەکان لە (ئاووهەوا و بەرزی و نزمی رووی زەوی و کەم و زۆری سەرچاوەکانی ئاو و دەستی کار و ڕێگاکانی گواستنەوە) کاریگەری زۆریان هەیە لەسەر شێوازی دابەشبوونی بەروبومە کشتوکاڵیە هاوینەیەکان و رووبەری چێنراو و دیاریکردنی جۆری بەروبومەکانیش بە پێی ناحیەکانی ناوچەی توێژینەوە.

5- زۆرترین رووبەری بەروبومە هاوینەیەکان لە ناوچەی توێژینەوەدا بەروبومی باخداریە کە رووبەرەکەی (13838) دۆنمەو بەرێژەی (70،2٪) ی رووبەری چێنراو پێکدێنێت و کەمترین رووبەریش بەروبومە پیشەسازیەکانە وەك گوڵەبەڕۆژە و کونجی بۆ ساڵی 2023.

## ڕاسپاردە

1- گرنگی دانی حکومەت بە کەرتی کشتوکاڵ و هاندانی جوتیار بە دابینکردنی پێداویستیە کشتوکاڵیەکان لە پێدانی قەرزی کشتوکاڵی لەلایەن بانکی کشتوکاڵی و دابینکردنی دەرمانی قەلاچۆکەر و پێداویستیەکانی تر و کردنەوەی خولی ڕێنمایی کشتوکاڵی بۆ جوتیاران و ڕێگە گرتن لە هێنانە ناوەوەی بەروبومی کشتوکاڵی لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان لەکاتی پێگەشتنی بەرهەمی ناوخۆ.

2- بەکارهێنانی شێوازی نوێی ئاودێری لە کشتوکاڵکردن، چونکە ئاودێری بەم ڕێگایە دەبێتە هۆی ئەوەی کە کەمترین بەفیڕۆدانی ئاو رووبدات، هەروەها دروستکردنی پۆند لەو ناوچانەدا کە سەرچاوەی ئاویان کەمە، بەمەش رووبەری زەوی چێنراو زیاد بکرێت بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە سەرچاوەی ئاوی تێیدا کەمە و گرفتی کەمئاوی هەیە.

3- گرنگی دان بە بەروبومە کشتوکاڵیە ستراتیجیەکانی وەك برنج و ڕۆندارەکان وەك گوڵەبەڕۆژەو کونجی و زەیتون و پاقلەیەکان و دانەوێڵەیەکان و دروستکردنی کارگە ی تایبەت بۆیان لە ناوچەکەدا.

4- زیاتر گرنگی دان بە چاندنی ئەو بەروبومانەی کە ئاووهەوای ناوچەکە گونجاوە بۆ گەشەکردن و بەرهەمهێنانی.

## سەرچاوەکان


### سەرچاوە کوردیەکان:

**کتێب**

سلێمانی، مسلم، 2023، پەروەردەکردنی داری هەنار لە چاندنەوە تاوەکو بەرهەم هێنان، شوێنی چاپی نیە.

**نامەی ماستەر و تێزی دکتورا:**

احمد، چیمەن عبداللە، 2011، پەیوەندی ئاووهەوا بە بەرهەمهێنانی بەروبوومە پیشەسازیەکانەوە لە پارێزگای سلێمانی، ماستەر نامە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی.

حمەیوسف، عطا حمەلاو، 2023، ڕۆڵی بەروبومە کشتوکاڵیە پیشەسازیەکان لە پەرەپێدانی پیشەسازی لە پارێزگای سلێمانیدا، دکتۆرانامە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی.

رشید، یادگار خدر، 2024، شیکردنەوەی شوێنی توانستەکانی بەرهەمهێنانی بەروبومە رووەکیە کشتوکاڵیە پیشەسازیەکان و کاریگەریان لەسەر پەرەپێدانی پیشەسازیە خۆراکیەکان لە پارێزگای هەولێر، دکتۆرانامە، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی صلاح الدین.

**گۆڤار**

حمەیوسف و تالب، عطا حەمەلاو؛ جزا توفیق، 2023، شیکردنەویەکی جوگرافیایی بۆ ڕۆڵی بەروبومە کێلگەیە پیشەسازیەکان لە پەرەپێدانی پیشەسازیە کشتوکاڵیەکان لە پارێزگای سلێمانیدا، گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی.

**دەزگاکانی حکومەت:**

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزاەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەڵەبجە، بەشی پلان دانان و بە دواداچون، 2023، داتای بڵاونەکراوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆژیای زانیاری (GIS)، زانیاری دەربارەی رووبەری یەکە کارگێڕیەکانی پارێزگای هەڵەبجە ساڵی 2024.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، دەستەی ئاماری هەڵەبجە.

### سەرچاوە عەرەبیەکان:

**رساله و اطروحة**

احمد، هدية محمد، 2008، اثر العوامل الطبيعية في تحديد انماط الزراعية في منطقة الجبلية من محافظة اربيل، رسالة ماجستر، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين.

التميمي، عبد الامير احمد عبد الله، 2002، التباين المكاني لزراعة وانتاج اشجار الفاكهة في محافظة ديالى، رسالة ماجستر، كلية الاداب، جامعة بغداد.

الجبوری، زهراء حسن خضير، 2019، الملاءمة المناخية لزراعة محاصيل علف في العراق، رسالة ماجستر، كلية التربية للبنات، جامعة الكوفه.

الجنابي، حميد رجب الحكيم عبدالله، 2003، المناخ واثره في زراعة المحاصيل البقولية في العراق، اطروحة دكتوراه، كليه الاداب، جامعة بغداد.

خطيب، فاطمه موسى، 2008، اثر المناخ على انتاجية الزيتون في الضفة الغربية، رسالة ماجستر، كلية الدراسات العليا، جامعة النجاح الوطنية، فلسطين.

رميض، تحسين هادى، 2021، التباين المكاني لزراعة وانتاج محصول الذرة الصفراء في محافظة ديالى وسبل تنميتها، اطروحة دكتوراه، كلية التربية للعلوم الانسانية، جامعة ديالى.

الزاملي، شروق محمد حسين، 2023، ملائمة المناخية لزراعه بعض اشجار الفاكهة النفضية في محافضة واسط باستخدام نظم المعلومات الجغرافية GIS، رسالة ماجستر، كلية التربيه للعلوم الانسانية، جامعة واسط.

عبدالعارضي، طراد كزار، 2017، التحليل المكاني لاستعمالات الارض الزراعية في قضاء الحمزة، رسالة ماجستر، كلية الاداب، جامعة القادسية.

العزاوي ياسر لفتة حسين، 2021، الصناعات العلفية في محافظة اربيل، اطروحة دكتوراه، كلية التربية للعلوم الانسانية، جامعة ديالى.

العزي، فؤاد خليل ابراهيم، 2017، تأثير الظروف المناخية على انتاج اشجار الفاكهة في قضاء بعقوبة- محافظة ديالى- عيراق (اشجار الرمان والعنب دراسة تطبيقية)، رسالة ماجستر، كلية الاداب، جامعة الاسكندرية.

العيساوي، ابراهيم علي، 2011، الامكانات الجغرافية ومدا ملاءمتها لزراعة محاصيل حقلية مقترحة في قضاء شط العرب، اطروحة دكتوراه، كلية الاداب، جامعة البصرة.

الكناني، اشواق عبد الكاظم رحيم علي، 2016، دور العوامل الجغرافية في زراعة اشجار الفاكهة في ناحية لحسينية محافظة كربلاء، رسالة ماجستر، جامعة كربلاء، كلية تربية للعلوم الانسانية.

**پاشکۆی (1)**

**رووبەری چێنراوی بە سەوزەواتی هاوینە/دۆنم تێکرای بەرهەم/تەن و بڕشت /کگم/دۆنم ناوچەی توێژینەوە بۆ ساڵی 2023**

| یەکەکارگێڕیەکان | | ناوەند+سیروان | خورماڵ | بیارە | بەمۆ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| شوتی | رووبەر/دۆنم | 500 | 1500 | 241 | - | 2241 |
| | ڕێژە ٪ | 22،3 | 67 | 10،7 | - | ٪100 |
| | بەرهەم/تەن | 1500 | 4500 | 723 | - | 6723 |
| | ڕێژە ٪ | 22،3 | 67 | 10،7 | - | ٪100 |
| | بڕشت:کگم/دۆنم | 3000 | 3000 | 3000 | - | 3000 |
| ترۆزی | رووبەر/دۆنم | 103 | 310 | 208 | - | 621 |
| | ڕێژە ٪ | 16،5 | 50 | 33،5 | - | ٪100 |
| | بەرهەم/تەن | 206 | 620 | 416 | - | 1242 |
| | ڕێژە ٪ | 16،5 | 50 | 33،5 | - | ٪100 |
| | بڕشت:کگم/دۆنم | 2000 | 2000 | 2000 | - | 2000 |
| تەماتە | رووبەر/دۆنم | 150 | 375 | 16 | - | 541 |
| | ڕێژە ٪ | 27،7 | 69،3 | 3 | - | ٪100 |
| | بەرهەم/تەن | 750 | 1875 | 80 | - | 2705 |
| | ڕێژە ٪ | 27،7 | 69،3 | 3 | - | ٪100 |
| | بڕشت:کگم/دۆنم | 5000 | 5000 | 5000 | - | 5000 |
| بامیە | رووبەر/دۆنم | 120 | 300 | 3 | - | 423 |
| | ڕێژە ٪ | 28،3 | 71 | 0،7 | - | ٪100 |
| | بەرهەم/تەن | 480 | 1200 | 12 | - | 1692 |
| | ڕێژە ٪ | 28،3 | 71 | 0،7 | - | ٪100 |
| | بڕشت:کگم/دۆنم | 4000 | 4000 | 4000 | - | 4000 |
| کاڵەک | رووبەر/دۆنم | 83 | 90 | 220 | - | 393 |
| | ڕێژە ٪ | 21 | 23 | 56 | - | ٪100 |
| | بەرهەم/تەن | 166 | 180 | 440 | - | 786 |
| | ڕێژە ٪ | 21 | 23 | 56 | - | ٪100 |
| | بڕشت:کگم/دۆنم | 2000 | 2000 | 2000 | - | 2000 |
| پەتاتە | رووبەر/دۆنم | 120 | 110 | 100 | - | 330 |
| | ڕێژە ٪ | 36،4 | 33،3 | 30،3 | - | ٪100 |
| | بەرهەم/تەن | 600 | 550 | 500 | - | 1650 |
| | ڕێژە ٪ | 36،4 | 33،3 | 30،3 | - | ٪100 |
| | بڕشت:کگم/دۆنم | 5000 | 5000 | 5000 | - | 5000 |
| خەیار | رووبەر/دۆنم | 90 | 210 | 4 | - | 304 |
| | ڕێژە ٪ | 29 | 69،7 | 1،3 | - | ٪100 |
| | بەرهەم/تەن | 315 | 724 | 14 | - | 1053 |
| | ڕێژە ٪ | 29 | 69،7 | 1،3 | - | ٪100 |
| | بڕشت:کگم/دۆنم | 3500 | 3500 | 3500 | - | 3500 |
| بیبەر | رووبەر/دۆنم | 80 | 130 | 10 | - | 220 |
| | ڕێژە ٪ | 36،3 | 59،1 | 4،4 | - | ٪100 |
| | بەرهەم/تەن | 300 | 487،5 | 37،5 | - | 825 |
| | ڕێژە ٪ | 36،3 | 59،1 | 4،4 | - | ٪100 |
| | بڕشت:کگم/دۆنم | 3750 | 3750 | 3750 | - | 3750 |
| کولەکە | رووبەر/دۆنم | 30 | 104 | 4 | - | 138 |
| | ڕێژە ٪ | 21،7 | 75،4 | 2،9 | - | ٪100 |
| | بەرهەم/تەن | 105 | 374 | 14 | - | 493 |
| | ڕێژە ٪ | 21،7 | 75،4 | 2،9 | - | ٪100 |
| | بڕشت:کگم/دۆنم | 3500 | 3500 | 3500 | - | 3500 |
| باینجان | رووبەر/دۆنم | 15 | 40 | - | - | 55 |
| | ڕێژە ٪ | 27،3 | 72،7 | - | - | ٪100 |
| | بەرهەم/تەن | 60 | 160 | - | - | 220 |
| | ڕێژە ٪ | 27،3 | 72،7 | - | - | ٪100 |
| | بڕشت:کگم/دۆنم | 4000 | 4000 | - | - | 4000 |
| بەروبومەکانی تر | رووبەر/دۆنم | 43 | 46 | 23 | - | 112 |
| | ڕێژە ٪ | 38،4 | 41 | 20،6 | - | ٪100 |
| | بەرهەم/تەن | 86 | 92 | 46 | - | 224 |
| | ڕێژە ٪ | 38،4 | 41 | 20،6 | - | ٪100 |
| | بڕشت:کگم/دۆنم | 2000 | 2000 | 2000 | - | 2000 |
| کۆی گشتی | رووبەر/دۆنم | 1334 | 3215 | 829 | - | 5378 |
| | ڕێژە ٪ | 24،8 | 59،9 | 15،3 | - | ٪100 |
| | بەرهەم/تەن | 4375 | 10565 | 2699 | - | 17639 |
| | ڕێژە ٪ | 24،8 | 59،9 | 15،3 | - | ٪100 |
| | بڕشت:کگم/دۆنم | 3280 | 3280 | 3280 | - | 3280 |

**سەرچاوە: وەزارەتی کشتوکاڵ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەڵەبجە، بەشی پلان دانان و بەدواداچون، چێنراوی هاوینە، 2023**